- چالاکی تر: بڕیاردەری لیژنەی هەڵبژاردن، ئەندامی وەفدی کۆنفرانسی ئاوەدانکردنەوەی کوردستان لە بەلجیکا (بروکسیل) ساڵی 1993، بەشداری کردن لە کۆنگرەی ئۆپۆزۆسیۆنی عێراقی لە نیویۆرك ساڵی 1999، لەو (59) پەرلەمانتارە پەناگیرییە کە دژی شەڕی ناوەخۆ بوون.
- ناونیشان وئیمێڵ: هەولێر- گەڕەکی موفتی- تەلەفۆن 07504513454- 066251320- 0662262020



## نەوشیروان فوئاد مەعروف (مەستی)

- شوێن و مێژووی لەدایك بوون: سلێمانی 1941
- شوێنی نیشتەجێبوون: سلێمانی
- لیستی: یەکێتی نیشتمانی کوردستان
- ئەندامیەتی لە لیژنە هەمیشەیەکانی پەرلەمان: لیژنەی کاروباری پێشمەرگە.
- دواکاری پێش ئەوەی ببێتە پەرلەمانتار:پێشمەرگە.
- ئاستی خوێندن: دەرچووی کۆلیژی سەربازی و کۆلیژی ئەرکان.
- سەر بە چ لایەنێك: یەکێتی نیشتمانی کوردستان
- فراکسیۆنی پەرلەمان: سەوز
- نەتەوە: کورد
- ئایین: موسلمان
- ناونیشان وئیمێڵ: سلێمانی- گەڕەکی قازی محمد (110)- کۆڵانی ژمارە (10) خانووی ژمارە (6).



# د. نیاز جەمیل رەشید میران

- شوێن و مێژووی لەدایك بوون: مەخمور- هەولێر 1948
- شوێنی نیشتەجێبوون: هەولێر
- لیستی: پارتی دیموکراتی کوردستان
- ئەندامیەتی لە لیژنە هەمیشەیەکانی پەرلەمان: لیژنەی تەندروستی.
- دواکاری پێش ئەوەی ببێتە پەرلەمانتار: پزیشك.
- ئاستی خوێندن: دەرچووی کۆلیژی پزیشکی- بەشی منداڵان.
- ئەندامیەتی لە رێکخراو و کۆمەڵەکاندا: سەندیکای پزیشکانی کوردستان.
- سەر بە چ لایەنێك: پارتی دیموکراتی کوردستان
- فراکسیۆنی پەرلەمان: زەرد
- نەتەوە: کورد
- ئایین: موسلمان
- ناونیشان وئیمێل: هەولێر- گەڕەکی شۆڕش- پشت حدیدو خشب-
  تەلەفۆن: 2243270-07504450739



## نیعمەت عەبدوللا پیرداود

- شوێن و مێژووی لەدایك بوون: هەولێر1950
- شوێنی نیشتەجێبوون: هەولێر- خانزاد
- لیستی: یەکێتی نیشتمانی کوردستان
- ئەندامیەتی لە لیژنە هەمیشەیەکانی پەرلەمان: جێگری فراکسیۆنی کەسك،جێگری سەرۆکی لیژنەی تەندروستیو کاروباری کۆمەلایەتی.
- دواکاری پێش ئەوەی ببێتە پەرلەمانتار: سەرۆکی دەزگای گەشتو گوزار.
- ئاستی خوێندن: بکالوریۆس لە ئاداب- دکتۆرا (ادارة الاعمال الحكومية).
- ئەندامیەتی لە رێکخراو و کۆمەڵەکاندا: نووسەران، رۆژنامەنووسان، کۆمەڵەی زیندانە سیاسیەکان، یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان، سەرنووسەری گۆڤاری شەهید ، بنکەی رۆشنبیری شەهید.
- سەر بە چ لایەنێك: یەکێتی نیشتمانی کوردستان
- توێژینەوەو بەرهەمەکان: لێکۆڵینەوەی سیاسیو کۆمەلایەتیو ئەدەبی، دیوانی شعر(شۆڕشی مەستان)، بەکارخستنی شارەزایی بۆ بەدامودەزگاکردنی دەوڵەت (توظيف الخبرة لبناء دولة المؤسسات).
- فراکسیۆنی پەرلەمان: سەوز نەتەوە: کورد ئایین: موسلمان
- چالاکی تر: بەشداری لە دامەزراندنی یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان، ئەندام لە وەفدی پەرلەمان بۆ هۆڵەنداو بەلجیکا، بەشداری لە دامەزراندنی رێکخراوی کوردستان KOMA بۆ ووشیارکردنەوە لەمین. لە قۆناغی کۆتاییە بۆ بەدەستهێنانی بروانامەی دکتۆرا. شارەزایی لەبواری پەروەردەو ئیدارەی تەندروستیو کۆمەلایەتی هەیە بەهۆی ئەوەی کە پلەی وەزیفی وەرگرتووە تاکو گەیشتۆتە بەرێوەبەری گشتی، لەرێگەی حکومەت هاوکاری زیان لیکەوتووانی کردووە.
- ناونیشان وئیمێل: هەولێر- خانزاد/ تەلەفۆن: 07504462016/ 0770144895 E- mail: avanadax@yahoo.com



# نیهاد نورەدین رەشید

- شوێن‌و مێژووی لەدایك بوون: هەولێر1929
- شوێنی نیشتەجێبوون: هەولێر
- لیستی: پارتی دیموکراتی کوردستان
- ئەندامیەتی لە لیژنە هەمیشەیەکانی پەرلەمان: لیژنەی پیشەسازی‌و ووزە.
- دواکاری پێش ئەوەی ببێتە پەرلەمانتار: پیشەساز (صناعي).
- ئاستی خوێندن: بکالوریۆس لە کۆلیجی حقوق لە زانکۆی بەغدا.
- سەر بە چ لایەنێك: پارتی دیموکراتی کوردستان.
- فراکسیۆنی پەرلەمان: زەرد
- نەتەوە: کورد
- ئایین: موسلمان



## هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد*

- شوێن و مێژووی لەدایك بوون: سلێمانی/1950
- شوێنی نیشتەجێبوون: سلێمانی
- لیستی: سەوز
- دواکاری پێش ئەوەی ببێتە پەرلەمانتار: پێشمەرگە
- ئاستی خوێندن: بکالۆریۆس لە زانستی کۆمەڵایەتی.
- سەر بە چ لایەنێك: یەکێتی نیشتمانی کوردستان
- فراکسیۆنی پەرلەمان: سەوز
- نەتەوە: کورد
- ئایین: موسلمان
- ناونیشان ئیمێڵ: سلێمانی

*/ هاوسەی بەڕێز مام جەلال سەرۆك کۆماری عێراق



# وریا ئەحمەد محەمەد ئەمین دزەیی

- شوێن‌و مێژووی لەدایک بوون: هەولێر1943
- شوێنی نیشتەجێبوون: هەولێر- ئازادی
- لیستی: پارتی دیموکراتی کوردستان.
- ئەندامیەتی لە لیژنە هەمیشەیەکانی پەرلەمان: دە ساڵ لە لیژنەی پەروەردەو خوێندنی باڵاو پاشان لە لیژنەی پیشەسازی‌و تەندروستی.
- دواکاری پێش ئەوەی ببێتە پەرلەمانتار: مامۆستا.
- ئاستی خوێندن: بکالۆریۆس لە زمان‌و ئەدەبی کوردی.
- سەر بە چ لایەنێك: پارتی دیموکراتی کوردستان
- فراکسیۆنی پەرلەمان: زەرد
- نەتەوە: کورد
- ئایین: موسلمان
- ناونیشان وئیمێڵ: هەولێر- گەڕەکی ئازادی.



## یاسین محەمەد عبدولقادر (د. سەردار)

- شوێن‌و مێژووی لەدایك بوون: هەولێر- قوشتەپە 1955
- شوێنی نیشتەجێبوون: سلێمانی- بەرانان
- لیستی: سەوز
- ئەندامیەتی لە لیژنە هەمیشەیەکانی پەرلەمان: لیژنەی دارایی‌و ئابووری.
- دواکاری پێش ئەوەی ببێتە پەرلەمانتار: ئەندامی سەرکردایەتی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان.
- ئاستی خوێندن: دەرچووی ئامادەیی.
- سەر بە چ لایەنێك: یەکێتی نیشتمانی کوردستان
- فراکسیۆنی پەرلەمان: سەوز
- نەتەوە: کورد
- ئایین: موسلمان
- ناونیشان وئیمێڵ: سلێمانی- بەرانان- تەلەفون 07504751532



# یەحیا محەمەد عبدولكەریم بەرزنجی

- شوێنو مێژووی لەدایك بوون: قادركەرەم- كەركوك1948
- شوێنی نیشتەجێبوون: هەولێر- زانكۆ دوو
- لیستی: پارتی دیموكراتی كوردستان.
- ئەندامیەتی لە لیژنە هەمیشەیەكانی پەرلەمان: ئەندامی لیژنەی دارایی، لیژنەی مافی مرۆڤ.
- دواكاری پێش ئەوەی ببێتە پەرلەمانتار: پێشمەرگە.
- ئاستی خوێندن: بكالوریۆس لە ئاداب- زانكۆی بەغدا.
- ئەندامیەتی لە رێكخراو و كۆمەڵەكاندا: مامۆستایان، هونەرمەندان.
- سەر بە چ لایەنێك: پارتی دیموكراتی كوردستان
- توێژینەوەو بەرهەمەكان: نووسەر، چیرۆكی كوردی، شعر، رەخنە.
- فراكسیۆنی پەرلەمان: زەرد
- نەتەوە: كورد
- ئایین: موسلمان
- چالاكی تر: هەمەجۆری پەیوەندیدار بە بزووتنەوەی نەتەوەیی.
- ناونیشان وئیمێڵ: هەولێر- زانكۆ دوو- تەلەفۆن 07301138854



## یونادم یوسف کەنا

- شوێن‌و مێژووی لەدایك بوون: خالیدیة- ئەنبار/1951
- شوێنی نیشتەجێبوون: هەولێر
- لیستی: مۆر
- ئەندامیەتی لە لیژنە هەمیشەیەکانی پەرلەمان: لیژنەی پەیوەندیەکان‌و رۆشنبیری.
- دواکاری پێش ئەوەی ببێتە پەرلەمانتار: ئەندامی سەرکردایەتی بزووتنەوەی دیموکراتی ئاشووری، ئەندامی سەرکردایەتی سیاسی بەرەی کوردستانی.
- ئاستی خوێندن: بەکالۆریۆس لە ئەندازەی مەدەنی لە زانکۆی سلێمانی.
- ئەندامیەتی لە رێکخراو کۆمەڵەکاندا: سەندیکای ئەندازیارانی کوردستان.
- سەر بە چ لایەنێك: بزووتنەوەی دیموکراتی ئاشووری.
- فراکسیۆنی پەرلەمان: مۆر (بزووتنەوەی دیموکراتی ئاشووری)
- نەتەوە: ئاشووری ئایین: مەسیحی
- چالاکی تر: وەزیری ئەشغال‌و نیشتەجێکردن لە حکومەتی کوردستان.
- ناونیشان وئیمێڵ: هەولێر- گەڕەکی وەزیران-

E-mail: yacobkanna@yahoo.com



# یونس محەمەد سەلیم (یونس رۆژبەیانی)

- شوێن و مێژووی لەدایك بوون: قەزای شێخان- ١٩٤٣
- شوێنی نیشتەجێبوون: مصیف صلاح الدین- هەولێر
- لیستی: پارتی دیموکراتی کوردستان
- ئەندامیەتی لە لیژنە هەمیشەیەکانی پەرلەمان: سەرۆکی لیژنەی پێشمەرگە.
- ئاستی خوێندن: لیسانسی عەسکەری
- سەر بە چ لایەنێك: پارتی دیموکراتی کوردستان
- فراکسیۆنی پەرلەمان: زەرد
- نەتەوە: کورد
- ئایین: موسلمان
- ناونیشان وئیمێڵ: مصیف صلاح الدین- هەولێر

# ناوی سەرجەم پەرلەمانتارانی خولی یەكەمی پەرلەمانی كوردستان- عێراق

# ( ١٩٩٢-٢٠٠٥ )

## ناوی پەرلەمانتارانی لیستی زەرد

١. بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد

٢. بەڕێز د. ئیدریس هادی سالح

٣. بەڕێز ئازاد رەشید میران

٤. بەڕێز ئەحمەد سالار عەبدولواحید ئەحمەد

٥. بەڕێز ئەحمەد عەلی عومەر

٦. بەڕێز ئەكبەر حەیدەر عومەر

٧. بەڕێز ئەكرەم عیزەت نەجیب

٨. بەڕێز بارزان خالید عەزیز

٩. بەڕێز جەعفەر شێخ عەلی عەبدولعەزیز بەرزنجی

١٠. بەڕێز جەمیل عەبدی سندی

١١. بەڕێز جوهر ئەحمەد شاواز

١٢. بەڕێز جوهر نامیق سالم

١٣. بەڕێز د. حەسەن حسێن بەفری

١٤. بەڕێز د.حەمەنەجم حەمە فەرەج جاف

١٥. بەڕێز حەمید سەلیم میران

١٦. بەڕێز خەیری سەعید عەلی بەگ

١٧. بەڕێز سەعید محەمەد سدیق هەروری

١٨. بەڕێز سەفەر محەمەد حەسەن دۆسکی

١٩. بەڕێز د. سەلیم عەلی حاجی مەلو

٢٠. بەڕێز شەفیقە فەقێ عەبدوڵڵا حەسەن

٢١. بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵڵا حەیدەری

٢٢. بەڕێز مەلا تەڵحە سەعید قەرەنی

٢٣. بەڕێز سەلاحەدین ئیبراهیم قادر

٢٤. بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی

٢٥. بەڕێز عەفان عوسمان نەقشبەندیی

٢٦. بەڕێز فازڵ رەئووف سالح

٢٧. بەڕێز فەرحان عەبدوڵڵا ئاغا شەرەفانی

٢٨. بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا

٢٩. بەڕێز فرەنسۆ تۆما کانون هەریری

٣٠. بەڕێز فەلەکەدین سابیر کاکەیی

٣١. بەڕێز فەوزیە عیزەدین رەشید

٣٢. بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم (د. رزگار)

٣٣. بەڕێز قەیس دێوالی سەعید

٣٤. بەڕێز د. ڕۆژ نوری سدیق شاوەیس

٣٥. بەڕێز کانەبی عەزیز ئەحمەد دزەیی

٣٦. بەڕێز مەئمون نور محەمەد بریفکانی

٣٧. بەڕێز موحسن خالید مستەفا

٣٨. بەڕێز محەمەد ئەمین مەولود ئەمین

٣٩. بەڕێز موحسن سالح عەبدولعەزیز

٤٠. بەڕێز محەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین

٤١. بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی

٤٢. بەڕێز محەمەد شەریف تاهیر مستەفا

٤٣. بەڕێز محەمەد عەبدولقادر ئەحمەد

٤٤. بەڕێز مەحمود فندی عەبدوڵڵا دێرەشەوی

٤٥. بەڕێز مەمەند محەمەد ئەمین بابەکر

٤٦. بەڕێز نهاد نورەدین ڕەشید

٤٧. بەڕێز مەلا هادی خضر کوێخا

٤٨. بەڕێز وریا ئەحمەد محەمەد ئەمین دزەیی

٤٩. بەڕێز یەحیا محەمەد عەبدولکەریم

٥٠. بەڕێز یونس محەمەد سەلیم ڕۆژبەیانی

## ناوی پەرلەمانتارانی لیستی کەسك ( سەوز )

٥١. بەرێز د. ئەحمەد ئەبوبەکر حەسەن بامەڕنی

٥٢. بەرێز ئەحمەد تاهیر ئەحمەد نەقشبەندیی

٥٣. بەرێز ئەرسەلان بایز ئیسماعیل

٥٤. بەرێز ئەیاد حاجی نامق مەجید بەقاڵ

٥٥. خاتوو پەریخان مەحمود عەبدولقادر

٥٦. بەرێز بەکر حاجی سەفەر غلام

٥٧. بەرێز جەلال جوهر عەزیز

٥٨. بەرێز د. جلال شەفیق عەلی

٥٩. بەرێز حەسەن حمید رەحیم (مام رۆستەم)

٦٠. بەرێز حەسەن کانەبی خضر بلباس

٦١. بەرێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی

٦٢. بەرێز حەسەن ئەحمەد عەبدوڵلا کوێستانی

٦٣. بەرێز حسێن عارف عەبدوڵرەحمان

٦٤. بەرێز خەسرەو گوڵ محەمەد

٦٥. بەرێز سەعدی ئەحمەد محەمەد پیرە

٦٦. بەرێز سەعید علی خان سلیڤانی

٦٧. بەرێز سەلام کەریم خان مەحمود خەلیفە برادۆست

٦٨. بەڕێز سیروان محەمەد موشیر ئەحمەد

٦٩. بەڕێز شەوکەت حاجی موشیر ئەحمەد

٧٠. بەڕێز شێرکۆ فائق عەبدوڵڵا بێکەس

٧١. بەڕێز سەلاحدین عەبدولحەمید عەبدوڵڵا

٧٢. بەڕێز د. سەلاحدین محەمەد حەسەن حەفید

٧٣. بەڕێز تەها محەمەد تەها

٧٤. بەڕێز تارق محمد سەعید جامباز

٧٥. بەڕێز عەبدوڵڵا رەسول عەلی (کۆسرەت)

٧٦. بەڕێز عەبدوڵڵا حاجی ئیبراهیم عەبدوڵڵا

٧٧. بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە

٧٨. بەڕێز عەبدولکەریم کاکە حەمە عەبدولکەریم

٧٩. بەڕێز د. عیزەدین مستەفا رەسول

٨٠. بەڕێز عەلی عەبدوڵڵا ئەحمەد

٨١. بەڕێز عەلی رەسول رۆستەم

٨٢. بەڕێز عومەر سەید عەلی حسین

٨٣. بەڕێز عومەر عەبدوڵڵا محەمەد (ملازم عومەر)

٨٤. بەڕێز قادر عەزیز حەمەئەمین

٨٥. بەڕێز قادر ممەند بابەکر ئاغا

٨٦. بەڕێز کەمال ئیبراهیم فەرەج شاڵی

٨٧. بەڕێز کەمال جەلال غەریب

٨٨. بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد

٨٩. بەڕێز خاتوو گەلاوێژ عەبدولجەبار مەجید جەباری

٩٠. بەڕێز محەمەد ئەمین عەبدولحەکیم محەمەد

٩١. بەڕێز محەمەد تۆفیق رەحیم

٩٢. بەڕێز محەمەد فازڵ محەمەد عەزیز قەفتان

٩٣. بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم خضر

٩٤. بەڕێز مستەفا قادر مستەفا

٩٥. بەڕێز مەزهر عەلی مستەفا کاکی هیرانی

٩٦. بەڕێز نەوشیروان فوئاد مەعروف مەستی

٩٧. بەڕێز نەجمەدین عەزیز ئیسماعیل (سالار)

٩٨. بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا

٩٩. بەڕێز نەهلە محەمەد سەعدوڵلا

١٠٠. بەڕێز هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد

## ناوی پەرلەمانتارانی لیستی مۆر

١٠١. بەڕێز ئەکرەم عاشور عەودیش

١٠٢. بەڕێز فرەنسیس یوسف شابۆ

١٠٣. بەڕێز سەرکیس ئاغاجان مامەندێ

١٠٤. بەڕێز شمائیل ننۆ بنیامین

١٠٥. بەڕێز یۆنادم یوسف کنە

## دواتر لەجیاتی ئەو پەرلەمانتارانەی دەستیان لەکارکێشاوەتەوە ئەوا پالێوراوەکانی لیستەکان شوێنی ئەوانیان گرتۆتەوە کە ئەمەش ناوەکانیانە :-

١٠٦. بەڕێز نسرین مستەفا مزەفەر

١٠٧. بەڕێز د. فائیق محەمەد گولبی

١٠٨. بەڕێز حازم یوسفی

١٠٩. بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندیی

١١٠. بەڕێز ئازاد قەرەداغی

١١١. بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان

١١٢. بەڕێز رەجەب شەعبان

١١٣. بەڕێز حسێن عەلی کەمال

١١٤. بەڕێز د. نەبەز عەبدولرەزاق حەکیم

١١٥. بەڕێز بورهان عەلی محەمەد رەشید جاف

١١٦. بەڕێز عوسمان حەسەن دزەیی

١١٧. بەڕێز پترۆس سەخەریا هورمز

١١٨. بەڕێز یوسف جمیل خورشید میران

١١٩. بەڕێز شالاو عەلی عەسکەری

١٢٠. بەڕێز ئەبوبەکر محەمەد حاجی (مەلا شاخی)

١٢١. بەڕێز حیکمەت محەمەد کەریم (مەلا بەختیار)

١٢٢. ئەحمەد عەلی دزەیی

١٢٣. محەمەد حەسەن عەبدولحەمید بالتە

١٢٤. بەڕێز ئەحمەد شەریف عەلی

١٢٥. بەڕێز بەکر ئەحمەد یەعقوب

١٢٦. بەڕێز چەتۆ رەئوف محەمەد حەوێزی

١٢٧. بەڕێز حەیدەر ئیسماعیل عەبدوڵڵا (م. ڕێبوار)

١٢٨. بەڕێز لەتیف عەبدولقادر سادق ماویلی

١٢٩. بەڕێز محەمەد عەباس عەولا (شاخەوان)

١٣٠. بەڕێز مەناف نادر قادر (سەفینی مەلا قەرەی)

١٣١. بەڕێز نیعمەت عەبدوڵڵا پیرداود

١٣٢. بەڕێز یاسین محەمەد قادر

١٣٣. بەڕێز جەعفەر مستەفا عەلی

١٣٤. بەرێز رزگار کایل محەمەد

١٣٥. بەرێز رەئوف فەرەج محەمەد

١٣٦. بەرێز مستەفا قادر مەحمود (چاوڕەش)

١٣٧. بەرێز سەباح حسێن عوسمان (بەهمەن)

١٣٨. بەرێز عیماد ئەحمەد سەیفور

١٣٩. بەرێز موحسین عەلی ئەکبەر قاسم

١٤٠. بەرێز نەجمەدین رەشید ئەمین (جوامێر)

١٤١. بەرێز حسێن جەنبەلی عەبدوڵڵا

١٤٢. بەرێز ئەحمەد عەبدولرەحمان قەساب

١٤٣. بەرێز عەبدوڵڵا عومەر

١٤٤. بەرێز سەلاحدین مەحمود عەلاف

١٤٥. بەرێز عەبدوللەتیف مەولود عەبدولکەریم

١٤٦. بەرێز نەجات یاسین نەجار

١٤٧. بەرێز جەلال سەلیم خۆشناو

١٤٨. بەرێز حەسەن سالح رۆستەم

١٤٩. بەرێز سوارە مەحەمەد ئەمین

١٥٠. خاتوو زەهرە حاجی محەمەد ئەمین

١٥١. بەرێز زاهیر محەمەد ئیبراهیم

١٥٢. بەرێز شەفیق ئەمین محەمەد

١٥٣. بەڕێز یار ئەحمەد ئافراسیاب

١٥٤. بەڕێز ئیبراهیم عەبدولقادر دوغرمەچی

١٥٥. بەڕێز رەقیب حسێن مەلا

١٥٦. بەڕێز د. ناسح غفور رەمەزان

١٥٧. بەڕێز سەرتیپ محەمەد ئەمین (سیروان کاکەیی)

١٥٨. بەڕێز حەلیمە بارزانی

١٥٩. بەڕێز عەبدولکەریم ئەبوبەکر هەمەوەند

١٦٠. بەڕێز ئیسماعیل ئیبراهیم مردان

١٦١. بەڕێز عیدۆ بابەشێخ

١٦٢. بەڕێز فاتیح محەمەد ئەمین

١٦٣. بەڕێز حەمە عەلی تۆفیق میرزا

١٦٤. بەڕێز د. لەتیف مەحمود ئەحمەد

١٦٥. بەڕێز ئەنوەر شکر محەمەد

١٦٦. بەڕێز د. نیاز جەمیل میران

١٦٧. بەڕێز مامەند عەباس مامەند ئاغا

١٦٨. بەڕێز نادر محەمەد قادر

١٦٩. بەڕێز ئەبوبەکر مستەفا سەعید

## پاشکۆی ژمارە (١)

# ناوی پەرلەمانتارە شەهیدەکان

١. شەهید فەرەنسیس یوسف شابۆ (١٩٩٣/٦/١)
٢. شەهید حەسەن ئەحمەد عبداللە (کوێستانی) (١٩٩٤/٥/١٧)
٣. شەهید سیروان نەورۆلی (٢٩/ ١٩٩٧/١)
٤. شەهید عوسمان حەسەن دزەیی (٢٠٠٠/٧/١٧)
٥. شەهید فەرەنسۆ تۆما هەریری (٢٠٠١/٢/١٨)
٦. شەهید شەوکەتی حاجی مشیر (٢٠٠٣/٢/٨)
٧. شەهید محەمەد عەباس عەولا (شاخەوان) (٢٠٠٤/٢/١)

## پاشکۆی ژمارە ( ٢ )

# ناوی ئەو پەرلەمانتارنەی کۆچی دواییان کردووە

١. خوالێخۆشبوو نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا ( جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان )بوو ( ١٩٩٧/١١/٣ )
٢. خوالێخۆشبوو کانەبی عەزیز ئاغا دزەیی ( ٢٠٠٠/٦/٤ )
٣. خوالێخۆشبوو خەیری سەعید عەلی بەگ ( ١٩٩٧/١١/٢٤ )
٤. خوالێخۆشبوو محەمەد شەریف تاهیر ( ١٩٩٥/٥/١٧ )
٥. خوالێخۆشبوو ئیبراهیم عەبدولقادر دۆغرەمەچی ( ٢٠٠٤/٣/٤ )
٦. خوالێخۆشبوو محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی ( ٢٠٠٤/٧/٣١ )
٧. خوالێخۆشبوو مەلا مەحمود فەندی دێرشەوی ( ٢٠٠٤/١٠/٣١ )
٨. خوالێخۆشبوو محەمەد ئەمین مەولود
٩. خوالێخۆشبوو سەفەر محەمەد حەسەن دۆسکی ( ٢٠٠٣/١٢/٢٠ )
١٠. خوالێخۆشبوو مامەیارە ئەحمەد هەورامی ( ٢٠٠٥/٤/٣ )
١١. خوالێخۆشبوو ئازاد قەرەداغی ( ٢٠٠٠/١/١٥ )

١٢. خوالێخۆشبوو سەلاحدین محەمەد حەسەن حەفید
١٣. خوالێخۆشبوو مەلا تەڵحە سەعید قەرەنی
١٤. خوالێخۆشبوو محەمەد حەسەن عەبدولحەمید بالتە ( ٢٠٠٢/١١/٣ )
١٥. خوالێخۆشبوو د. محەمەد فازیل محەمەد عەزیز قەفتان
١٦. خوالێخۆشبوو یوسف جەمیل خورشید میران ( ٢٠٠٧/٧/٢٤ )
١٧. خوالێخۆشبوو کەمال جەلال غەریب

## پاشکۆی ژمارە (٣)

**بەناوی خودای بەخشندەو میهرەبان**

**بەناوی گەل**

**ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان- عێراق**

**ژمارەی بڕیار: ٢٢**

**مێژووی بڕیار: ١٩٩٢/١٠/٤**

**١٢/ ڕەبەز/ ٢٦٩٢ك**

**((بڕیار))**

بەپێی حوکمەکانی بڕگەی /٢ لە ماددەی/ ٥٦ی یاسای ژمارە/١ی ساڵی/ ١٩٩٢، ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان- عێراق لە دانیشتنی ژمارە/ ٣٨ی ڕۆژی ١٩٩٢/١٠/٤ ئەم بڕیارەیدا:

یەکەم: بڕیاردان لەسەر بەرنامەی ڕاگەیاندنی یەکێتی فیدرالی کە لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان- عێراقەوە لە ڕۆژی ١٩٩٢/١٠/٤دا پێشکەش کراو دانانی بە (دیباجە)و پاڵپشتی قانوونی بۆ ئەم بڕیارە لەبەر ئەو ناوەڕۆکو رووداوە مێژوویی‌و سیاسی‌و قانوونییانەی تیایدان.

دووەم: دەستنیشانکردنی پەیوەندی یاسایی لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندییدا هەڵبژاردنی جێو شوێنی سیاسی هەرێمی کوردستانی عێراقو گەلەکەی، بەپێی مافی رەوای خۆی لە چارەی خۆنووسین لەم قۆناغە مێژوویی یەدا، لەسەر بنچینەی یەکێتی فیدرالی لە چوارچێوەی

عێراقێکی دیموکراتی پەرلەمانی ئەوتۆدا کە باوەڕی بەفرە حزبی هەبێو ڕێز لە مافەکانی مرؤظ بگرێ کە لەپەیمانو باوەڕنامە نێودەوڵەتییەکاندا دانیان پێدا نراوە.

سێیەم: ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان پێویستە ئەم بڕیارە جێبەجێ بکا.

**جوهر نامق سالم**

**سەرۆکی ئە نجوومەنی نیشتمانیی کوردستان- عێراق**

## دەقی

## (بەیاننامەی ڕاگەیاندنی یەکێتی فیدرالی)

کە جەنگی یەکەمی جیهانی تەواوبوو، نەتەوەی کورد وەك هەموو ئەو نەتەوانەی ژێر باری دەسەلاتی عوسمانیدا بوون، بە ئاواتی ئەوەوە بوو قەوارەیەکی تایبەتی بۆ خۆی دروست بکاو لەوێدا گەورەی خۆی بێ. بەلام بەرژەوەندی هەمەلایەنیی هێزە سەرکەوتووەکانی ئەو جەنگە کە کلیلی کارو چارەسەریان بەدەستەوە بوو، نەك هەر ئەم نەتەوە کۆنەیان لە مافی ڕەوای سەربەخۆ بوون بێ بەری کرد، بەڵکو لە نێوان پێنج قەوارەی دراوسێیشدا دابەشیان کردو گوێیان نەدایە ناڕەزاییو شۆڕشەکانی ئەم نەتەوە زوڵم لێکراوە، یا دوو ماددەی (٦٢، ٦٤)ی بەشی چوارەمی پەیمانی سیڤەری (١٠)ی

ئابی (١٩٢٠)یش دانی بە مافی ئۆتۆنۆمی یەکی نەتەوەی کورددا نابێ کە لە ساڵێکدا ببێ بە سەربەخۆیی تەواوی دەوڵەتێکی کوردی ئەوتۆ کە هەموو بەشەکانی کوردستان بەو کوردستانەی خوارووشەوە بگرێتەوە کە لەمەودواو پاش دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق بە کوردستان- عێراق ناسرا، بە مەرجێ دانیشتوانی بیانەوێ بچنە ناو ئەو دەوڵەتە سەربەخۆیەوە.

بەڵام ئەو ئاواتانە لە پەیمانی لۆزاندا لە (٢٤)ی تەمووزی (١٩٢٣)دا، لەباربراو ئەو بەشە لە (١٦)ی کانوونی یەکەمی (١٩٢٥) (کۆبوونەوەی ٣٧)دا، خرایە سەر ویلایەتی مووسڵی عێراق، هەرچەندە ئەو لیژنەیەی کۆمەڵەی نەتەوەکان دروستی کردبوو لە لاپەڕە (٥٧)ی راپۆرتەکەیدا دانی بەوەدانابوو کە (راستیی باری دانیشتووانی بەرەو دانان بە دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردمان دەبا کە پێنج لە هەشتی (٨/٥) دانیشتوانن. کۆمەڵەی نەتەوەکان ئەوەندەی پێ بەس بوو کە کورد مافی بەشداربوونی کارگێڕیو دادوەریو دەستگاکانی زمانیان هەبێ. بەم جۆرە سەرەڕای شۆڕشی کوردستانی خواروو بە سەرکردایەتی شێخ مەحمودی نەمرو دان پێدانانی بە حوکمدار لەلایەن حکوومەتی بەریتانیاوە یەکەمجار لە ساڵی (١٩١٩)داو دووەمجار لە ساڵی (١٩٢٢)دا، ئەم بەشەی کوردستان بەزۆر بێ گوێدانە خواستی دانیشتووانی، خرایە سەر ئەو دەوڵەتی عێراقەی کە تازە دروست بووبوو. حکوومەتی خاوەن شکۆی بەریتانیا هەوڵی ئەوەیدا بە بەڵێنێك گەلی کورد دڵنیا بکا. ئەوەبوو لەگەڵ ئەو حکوومەتەی عێراقدا- کە لە ژێر ئینتدابی بەریتانیادابوو- پێکەوە لە دەربڕینی رەسمییاندا دانیان بەوەنا کە ئەو کوردانەی لە سنووری عێراقدان، مافی دروستکردنی حکوومەتێکی کوردییان لەناو ئەو سنوورەدا هەیە، هەردوو حکوومەت ئاواتیان ئەوەیە کەسانی کورد لە جیاوازی ببوورنو لەسەر ئەو شێوەی ئەو حکوومەتەو سنووری رێك بکەونو نوێنەری دەسەڵاتداری خۆیان بنێرنە بەغدا بۆ وتووێژ دەربارەی پەیوەندیی ئابووریو سیاسی لەگەڵ حکوومەتی خاوەن

شکۆی بەریتانیاو حکوومەتی عێراقدا. بەڵام ئەم پەیمانانە هەر بە نووسراوی مانەوەو نەهێنرا دی.

کە کۆمەڵەی نەتەوەکان لە (١٩٣٢/١٠/٣)دا عێراقی بە ئەندام وەرگرت، مەرجی ئەو ئەندامێتییە رازی بوونی عێراق بوو بەو مەرجانەی کۆمەڵەی نەتەوەکان داینابوون. ئەوەش ئەو مەرجە نێودەوڵەتی یانەبوون کە لە شازدە بڕگەی دەربڕینی (٣٠)ی مایسی (١٩٣٢)ی حکومەتی عێراقدا دەربڕدرابوون‌و لەو مەرجانەدا، رێزگرتنی عێراقی لەمافی مرۆڤی‌و رۆشنبیری‌و کارگێڕی کوردو ئەو کەمە نەتەوەییانەی تێیدا بوو کە لە لیواکانی : موسڵ، هەولێر، کەرکووکدا دەژین. ئەو دەربڕینە هێشتا کاریگەرە چونکە هەموو ئەو ماف‌و ئەرکانەی کۆمەڵەی نەتەوەکان لە ئەستۆی گرتبوون‌و لە پەیمان‌و ئینتداب‌و دەربڕینەکانەوە دروست بوون بەپێی دووا بڕیاری ئەنجوومەنی کۆمەڵەی نەتەوەکان لە (١٨)ی نیسانی (١٩٤٦)دا خراونەتە ئەستۆی ئەنجوومەنی نەتەوە یەکگرتووەکان، ماددەی (١٦)ی ئەو دەربڕینەشی بە ئەرکی عێراقی زانیوە کە ئەو بڕگانە بەجێ بێنێ‌و بەهیچ یاسایەکی ناوخۆ بە پێچەوانەی ئەوانەوە کار نەکاو بەهیچ جۆر ئەو بڕگانە بە رێکەوتنی نێوان عێراق‌و ئەنجوومەنی کۆمەڵەی نەتەوەکان بەزۆریی دەنگ نەبێ، نەگۆڕدرێ،هەر وەك بڕیار لەسەر ناکۆکیی درا لەبارەی لێکدانەوەی بڕگەکانی ئەو دەربڕینەوە درایە دەست دادگای هەمیشەیی دادی ناو دەوڵەتان. بەم جۆرە سەربەخۆیی عێراق و یەکێتی ئەو بەستران بە رێزگرتنی عێراق لە بڕگەکانی ئەم دەربڕینە. بەڵام حکوومەتە یەك لەدوای یەکەکانی عێراق بەشێوەیەکی ئاشکرا خۆیان لەم پەیوەندی‌و ئەرکانە لادا.

ئەم لادانەش لە بڕیاری (٦٨٨)ی (١٩٩١/٤/٥)ی ئەنجوومەنی ئاسایشی ناو دەوڵەتانداو لە بڕیاری لیژنەی مافی مرۆڤی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکانداو ئەنجوومەنی ئابووری‌و کۆمەلایەتی لە خولی (٤٨)و بڕیاری ژمارە (٧١)ی (٥)ی ئازاری ١٩٩٢دا

سەلمێنراوە. مێژووی گەلی کوردی ئێمە لە عێراقدا پرە لە راپەرینو شۆڕش. لە (١١)ی ئەیلوولی ١٩٦١دا. ئەم گەلە جارێکی تر بەرابەرایەتی سەرکردەی نەمر مستەفا بارزانی دەستی دایەوە چەك، چونکە حکوومەتی عبدالکریم قاسم پەیمانی خۆی بەجێ نەهێنابووو لە ماددەی سێیەمی دەستووری کاتیی پاش شۆڕشی (١٤) تەمووزی ١٩٥٨ لایدابوو کەلەوێدا عەرەبو کورد بەهاوبەشی دانرابوون لە عێراقی نیشتمانیدا. ئەو شۆڕشە شۆڕشێکی نەتەوەیی بوو داخوازیی گەلی ئێمەو ئاواتی رەوای دەردەخست، ئەوەبوو ئاکامەکەی رێکەوتننامە مێژوویی یەکەی (١١) ئازاری ١٩٧٠و دانانان بە ئۆتۆنۆمی بوو بۆ گەلی کوردو چەسپاندنی لە دەستووری کاتیدا، ئەگەرچی حکوومەتی عێراق دەقی بەیاننامەکەی وەها جێبەجێ نەکرد کە لەگەڵ خواستو ئاواتی گەلەکەمانو جەوهەری رێکەوتننامەکەدا بگونجێ. ئینجا سەرەڕای نوشوستییە کاتییەکەی ساڵی (١٩٧٥) پاش پیلانێکی ناو دەوڵەتان کە ئەنجامی مۆرکردنی پەیمانهی جەزائیر بوو ولەوێدا صدام حسین بەشێك لە خاکی عێراقی لەبڕی دامرکاندنەوەی شۆڕشی کورد فرۆشت، گەلی سەربەرزی ئێمە خێرا دەستی دایەوە شۆڕشو لەخەباتی خۆیدا بەردەوام بوو وبۆ هەموو جیهانی سەلماند کە گەلێکی سەربەرزەو کۆڵ نادا. پەیمانی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەوەی جێگیر کردووە کە نابێ مرؤظ لە مافە بنەڕەتییەکانی بێ بەری ببێو دانی بەسەر فرازیی هەموو تاقە کەسێكو سەرەنجامیداو بەمافی چۆن یەکی پیاوو ژنو گەلانی گەورەو بچوکدا ناوە.

(سەرەتای پەیمانەکە- مەبەستەکان) وەك لە بڕگەی (٢)ی بەشی یەکەمدا نووسراوە دان بە ٠دامەزراندنی پێوەندیی دۆستانەی ناو نەتەوەکان لەسەر بنەرەتی رێزگرتن لە رێبازی چۆن یەکیی گەلان لە مافی خۆیاندا، مافی چارەنووس بوونیان) دانراوە. هەروەك مافی چارەنووسی گەلان بەشێوەیەکی ئاشکرا لە بڕگەی یەکەمی دوو پەیماندانی ناو

دەوڵەتانی تایبەتی بە (مافی ئابووریو ڕۆشنبیریو کۆمەڵایەتی) و (مافی مەدەنیو سیاسی) دادیارە.

ئەو دوو پەیماندانەی لە ئەنجوومەنی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە لە ساڵی ١٩٦٦دا دراوەتە عێراق دوایی لە ١٩٧١/١/٢٥دا چووە پاڵیو لەوێدا بەدڵنیایی دان بە (مافی چارەنووسی هەموو گەلانو مافی جێگیرکردنی مەرکەزی سیاسی)یدا نراوە. هەروەك ماددەی دووەمی پەیمانی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەو ڕێو شوێنە دەست نیشان کردووە کە ئەم ئەنجوومەنە بۆ گەیشتنە مەبەس پێڕەویان دەکا- مافو ئیمتیازی ئەندامانی دەزگای نەتەوە یەکگرتووەکانی بە ئاسایی بەستووە بە ( ڕێزگرتن لە سەروەریو یەکێتی زەوی- بەپێی پەیمانەکەو بە ستۆێتی بە (بەجێهێنانی ئەرکی ئەندامان) بەپێی ئەو پەیمانە.

خۆ ئەگەر بەرەفتاری حکوومەتە یەك لەدوای یەکەکانی عێراق بەرامبەر بەگەلی کورددا بچینەوە، هەر لە دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقەوە لە ساڵی ١٩٢١دا هەتا ئێستاکە دەبینین دیارترین نیشانە بەو رەفتارەوە، هەر داپڵۆسینو چەوساندنەوەو دەربەدەرکردنو بێ بەش کردن بووە لە ساکارترین مافی مرۆڤایەتیو ڕۆشنبیریو کۆمەڵایەتیو ئابووریو تەنانەت مافی ژیانیش، جگە لە بێ بەش کردنی لە مافە سیاسیەکانیش ئەمانەش هەموو بەشێوەیەکی وەها ڕێكو پێك کراونو روو لە پەرەسەندن بوون کەوێرانکاری سەرباری مرۆظ، زەرەعاتو ماڵاتو سروشتو ئاژەڵیشی گرتۆتەوە. ئینجا حکوومەتی عێراق چەپەڵترین شاڵاوی قەڵاچۆکردنێکی ئەو تۆی کردە شای رەفتارەکانی کە مرۆڤایەتی بەدرێژایی مێژووی دێرینی، وێنەی بەخۆیەوە نەدیوە لەوانە:

١. گرتنی زیاتر لە هەشت هەزار کەسی بێ گوناه لە بارزانییەکان لە شەوێکی ئەنگوستە چاوی ساڵی ١٩٨٣داو کە هەتا ئێستا چارەنووسیان نەزانراوە.

٢. دوورخستنەوەی زیاتر لە (٣٠٠) هەزار کوردی فەیلی بۆ دەرەوەی عێراق لەماوەی (١٩٧٠- ١٩٨٨)داو گرتنی زیاتر لە (٧٥٠٠) لە لاوانیانو بڕای بڕ شوێنەوەن کردنیان.

٣. قەلاچۆکردنی زیاتر لە پێنج هەزار ژنو منداڵو پیری بێ گوناه بە چەکی کیمیاویو گازی ژەهراوی لەشاری هەڵەبجەی شەهیددا لە ڕۆژی (١٦/٣/١٩٨٨). هەروەها کەسانێکی زۆری تر لە بالیسانو چەندین ناوچەی تری کوردستاندا.

٤. شالاوێکی دڕندانەی ئەوتۆ کە لە گشت ژمارە بالاکانی لەزۆرو جەورو جانەوەرێتیدا تێپەڕاند، لەوەودوا کە ناوبرا بە ئەنفالە بەدناوەکانو کە زیاتر لە سەدو هەشتا هەزار بێ گوناهی تێدا بوونە قوربانیی ئازاردانو برسێتیو هەتك کردنو زیندە بەچالکردنی بە کۆمەڵ.

٥. خاپوور کردنی زیاتر لە (٤٥٠٠) گوند کە دەگەنە (٩٠٪) دێهاتی کوردستان. بەم جۆرە تەنانەت کەمایەتی یەکانیش لە تورکمانو ئاشووریو ئەوانی تر، بەدوور نەبوون لە داپۆڵسینو قەلاچۆکردن کە ئەمانە بەپێی بنەماکانی قانوونی نێو دەوڵەتی، جەریمەی جەنگو جەریمەی دژ بە مرۆڤایەتین.

بەهەرحاڵ حکوومەتەکانی جیهان کە بۆماوەیەکی دوورو درێژ بەرامبەر بەو جەریمە چەپەلانە بێدەنگ بوون، نەیانتوانی هاواری گەلەکانیان کپ بکەنو سۆزو جۆشو خرۆشیان قەدەغەبکەن کاتێ کە لەشاشەی تەلەفزیۆنەوە بەسەرهاتی کۆڕەوە بێ وێنەکەیان چ لە ژمارەو چ لە کارەساتە دڵتەزێنەکاندا دەدی کە دوای نووچدانی ڕاپەرینە پیرۆزەکەی بەهاری ١٩٩١ ڕووی دا. بەم جۆرە جیهان بۆ یەکەمجار لەدوای پەیمانی سیڤەرەوە، سەرلەنوێ وشەیەکی دادپەروەرانەی دەرهەق بە کورد گووت، کاتێ بڕیاری ژمارە (٦٨٨) لە ئەنجوومەنی ئاسایشەوە دەرچوو کە زۆر بەروونی داپڵۆسینی کوردی گوناهبار کردو ئینجا بەدوایدا، ناوچەیەکی پارێزراو لە بەشێکی کوردستانی عێراقدا

دامەزراو بەڵێن درا کە کوردی تێدا لە رووی دەستدرێژی یەکانی رژێمی عێراقدا بپارێزرێ.

گەلەکەمان سەرەڕای ئەو هەموو ئازارو ئەشکەنجەو شاڵاوانەی بۆ لەناوبردنی دەکرانەسەری، هەردەم بە قبوڵکردنی هەر نیشانەیەك بۆ چارەسەرکردنی کێشەکەی، دڵسۆزیو نیاز پاکی خۆی نواندووە. لەوانە گفتوگۆی ساڵی (١٩٦١)و بەیاننامەی ٢٩/ حوزەیران/ ١٩٦٦و گفتوگۆی ١٩٨٤و چەندین تەقەلای تر بە ئامانجی گەیشتن بە چارەسەرێکی ئاشتییانە لەگەڵ رژێمدا. بەڵام ئەم نیاز پاکییەی لە گشت حاڵەتێکدا هەر بە غەدرو ناپاکیو خۆدزینەوە لەو رێکەوتننامە بەرنگاری کراوە کە لەلایەن رژێمە جۆراو جۆرەکانی عێراقەوە ئیمزا کراون. دوا تاقیکردنەوەش لەم بوارەدا گفتوگۆی ساڵی ١٩٩١بوو کە رژێمی عێراق پاشەکشەی لە بەڵێنەکانی سەرەتای گفتوگۆکەی کردو دواتر دایەرەکانی حکومەتی کشاندەوەو ئابلوقەی ئابووریی بەسەر کوردستاندا سەپاند کە گەلەکەمان ناچار بوو بە بڕیاری بەرەی کوردستانیو بەپێی دەسەڵاتی (کاری کردە- الامر الواقع- DE FACTO) لەو وەختەدا، پەنا بەرێتە بە هەڵبژاردنێکی پەرلەمانی سەربەست کە ئەوەبوو لە ڕۆژی (١٩/٥/١٩٩٢)دا بەشێوەیەکی زۆر جوان کراو گەلەکەمان لەناوچە ئازادکراوەکانی کوردستاندا، بەو پەڕی سەربەستییەوە نوێنەرانی خۆی بۆ ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان هەڵبژارد. ئینجا یەکەم حکوومەت بۆ هەرێمی کوردستان لە (٥/٧/١٩٩٢)دا بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە ئیدارییە پێکهاتو باوەڕی ئەو ئەنجوومەنەی وەرگرت.

یاسای ژمارە (١)ی ساڵی/ ١٩٩٢ (یاسای ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان- عێراق) لە بڕگە (٢)ی مادده (٥٦)یدا سەبارەت بە ئەرکەکانی ئەنجومەن دەڵێ: (بڕیاردانی چارەنووسی یەکانی گەلی کوردستانی عێراقو دەستنیشانکردنی پەیوەندیی قانوونی لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندیدا. جا بۆ پاراستنی یەکێتی نیشتمانیی عێراقو

پتەوکردنیو بۆ پارێزگاری کردن لە برایەتیی مێژوویی نێوان هەردوو گەلی عەرەبو کوردی براو بۆ مسۆگەرکردنی بەردەوامیو چەسپاندنی جێگەی بالآی. هەروەها بە گونجاوی لەگەڵ بڕیاری ئۆپۆزسیۆنی عێراقی لە ڤییەنناو لە کوردستان کە بە تێکرایی رێکەوتن بنەمای قانوونی مافی چارەی خۆنووسین بۆ گەلی کورد لەچوارچێوەی بەرژەوەندیی هاوزبەشی هەردوو گەلی کوردو عەرەبی برادا بسەلمێنن‌و لەگەڵیدا مافی نەتەوەیی رۆشنبیریو ئیداری بۆ تورکمانو ئاشووری دان پێدابنێن‌و لەتەکیاندا بەگشتی مسۆگەر کردنی یەکسانی لەمافو لە ئەرکدا بۆ هەمووان لە دەستووردا تۆمار بکەن. ئەوەتا ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق، بەناوی گەلی کوردستانی عێراقەوە ئەرکی سەرشانی بەجێدێنێو بەپێی مافی چەسپاوی خۆی کە لەو پەیمانو باوەڕنامەی سەرەوەدا سەبارەت بەچارەی خۆ نووسن دیاری کراوەو ئیشارەتمان پێدان، رادەگەیەنێ کە بەتێکرایی دەنگ بڕیاری چارەی خۆنووسین‌و دەستنیشانکردنی پەیوەندیی قانوونی لەگەڵ دەسەلآتی ناوەندیدا لەم پلەیەی مێژووداا، لەسەر بنچینەی فیدرالی لەچوارچێوەی عێراقێکی دیموکراتیی پەرلەمانیدا دەدا بەشێوەیەك کە سیسشتمی فرە حزبی دابین بکاو رێز لەو مافانەی مرؤظ بگرێ کە لە پەیمانو باوەڕنامە نێو دەوڵەتییەکاندا سەلمێنراون.

**ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان- عێراق**

**١٩٩٢/١٠/٤هەولێر**

**بەناوی خودای بەخشندەو مهربان**

**بەناوی گەل**

**ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان- عێراق**

**ژمارەی بڕیار: ٢٣**

**مێژووی بڕیار: ١٩٩٢/١٠/٦**

**١٤/ رەزبەر/ ٢٦٩٢ك**

## ((بڕیار))

بەپێی حوکمی بڕگەی/ ١و٢ لە ماددە/ ٥٦ی یاسای ژمارە/ ١ی ساڵی/ ١٩٩٢، ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان- عێراق لە دانیشتنی ژمارە/ ٣٩ی ڕۆژی (١٩٩٢/١٠/٦)دا ئەم بڕیارەیدا:-

یەکەم: دەسەڵاتی پەیوەندیدار لە هەرێمی کوردستان- عێراقدا بەردەوام دەبێ لەسەر کارکردن بە ئەرکەکانی دەسەڵاتی فیدرالی (یەکێتی)و لە هەر کارێکدا پەیوەندی بە هەرێمی کوردستانەوە هەبێ جێگەی دەگرێتەوە، تا ئەو کاتەی حکومەتی ناوەندی بە بڕیاری ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان- عێراق ژمارە (٢٢)ی رۆژی (١٩٩٢/١٠/٤) قایل دەبێ‌و دان بە ئەرکە دەستوورییەکانی دەسەڵاتی هەرێمدا دەنێ.

دووەم: گشت وەزارەتەکانی هەرێم پێویستە ئەم بڕیارە جێبەجێ‌بکەن.

**جوهر نامق سالم**

**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان- عێراق**

# پاشکۆی ژمارە (٤)

## پەرلەمانتارە پەناگیرەکانی هۆڵی پەناگیری لە تەلاری پەرلەمانی کوردستان- عێراق

ناوی ئەو (٥٩) پەرلەمانتارە پەناگیرانەی کە (١٠١) ڕۆژ هەر لە (٢٣/١٢/١٩٩٤) تاکو (٢٨/٣/١٩٩٥) لە هۆڵێکی تەلاری پەرلەمانی کوردستان- عێراق، دژی شەڕی ناوەخۆ پەنایان گرت، بۆیە هۆڵەکە بەناوی پەناگیریی کراو ئەمەش ناوەکانیانە:-

١. جەوهەر نامیق سالیم
٢. د. کەمال عەبدولکەریم فوئاد
٣. فرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا
٤. ئەحمەد سالار عەبدولواحید
٥. ئەحمەد تاهیر نەقشبەندی
٦. ئەحمەد عەلی دزەیی
٧. د. ئیدریس هادی سالح
٨. ئازاد عەبدولقادر سەعید قەرەداغی
٩. ئازاد فەتاح میران
١٠. ئەکرەم عاشور
١١. ئەکرەم عیزەت نەجیب
١٢. ئەیاد حاجی نامیق بەقال
١٣. بەختیار حەیدەر عوسمان
١٤. بورهان عەلی جاف
١٥. بوترس سەخەریا هورمز

١٦. بەکر محەمەد حاجی

١٧. جەوهەر ئەحمەد شاواز

١٨. جەعفەر شێخ عەلی بەرزنجی

١٩. د. حەسەن حوسین بەفری

٢٠. حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی

٢١. حوسین عارف عەبدولرەحمان

٢٢. حوسین عەلی کەمال ئەحمەد

٢٣. حەمید سەلیم میران

٢٤. سەرتیپ محەمەد حوسین (سیروان کاکەیی)

٢٥. محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی

٢٦. سەعید ئەحمەد سدیق هروری

٢٧. سیروان نەورۆڵی

٢٨. شەفیقە فەقێ عەبدوڵلا

٢٩. شێروان ناسیح حەیدەری

٣٠. سەلاحەددین عەبدولحەمید

٣١. د. سەلاحەددین محەمەد حەفید زادە

٣٢. مەلا تەلحە سەعید قەرەنی

٣٣. مەلا تەها محەمەد تەها

٣٤. عەبدولخالق محەمەد زەنگەنە

٣٥. عوسمان حەسەن دزەیی

٣٦. عدنان نەقشبەندی

٣٧. د. عزەدین مستەفا رەسول

٣٨. عەفان نەقشبەندی
٣٩. عەلی عەبدوڵلا ئەحمەد
٤٠. عیدۆ بابە شێخ
٤١. فوزیە عزەدین رەشید
٤٢. قادر مامەند بابەکر
٤٣. کاکەڕەش نەقشبەندی
٤٤. کانەبی عەزیز دزەیی
٤٥. کەمال ئیبراهیم شاڵی
٤٦. گەلاوێژ جەباری
٤٧. مەلا حەمەدئەمین چەمچەماڵی
٤٨. محەمەد حسین بالتە
٤٩. شێخ موحسین شێخ خالید موفتی
٥٠. مەلا محەمەد تاهیر زین ئەلعابدین
٥١. مەلا مەحموود دێرشەوی
٥٢. مەمەند حەمەدئەمین بابەکر
٥٣. مەزهەر کاکی هیرانی
٥٤. د. ناسیح غەفور رەمەزان
٥٥. نەهلە محەمەد سەعدوڵلا
٥٦. مەلا هادی خدر ئیبراهیم
٥٧. وریا ئەحمەد دزەیی
٥٨. یەحیا محەمەد بەرزنجی
٥٩. یوسف جەمیل میران

## پاشکۆی ژمارە (٥)

**بەناوی خودای بەخشندەو میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**

**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان- عێراق**

**ژمارەی بڕیار: ٢١**

**ڕۆژی بڕیار: ٢٠٠٢/١٠/١٥**

## بڕیار

پشت بە حوکمەکانی بڕگە (١)ی ماددەی (٥٦)و بڕگە (١)ی ماددەی (٦١) لە یاسای ژمارە (١)ی هەموارکراوی ساڵی (١٩٩٢)و لەسەر داوای ژمارەی یاسایسی لە ئەندامانی ئەنجومەنی کوردستان- عێراق، ئەنجومەن لە دانیشتنی (٢٠٠٢/١٠/١٥)یدا ئەم بڕیارەی خوارەوەی دا:

یەکەم: ماوەی ئیشو کاری ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان- عێراق، سەرەتا لە (٢٠٠٢/١٠/٤)وەوە تا هەڵبژاردنی خولی دووەمی ئەنجومەنو دانیشتنی یەکەمی، ناوی (خولی گواستنەوە) دەبێت.

دووەم: سەرۆکی ئەنجومەن لە فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان دەبێتو جێگری سەرۆك لە فراکسیۆنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان دەبێت بۆ ماوەی سێ مانگ لە ڕۆژی (٢٠٠٢/١٠/١٥)وە، وەبۆ دوو مانگی دوای ئەوە سەرۆكو جێگر پلەیان (مەنصەبیان) دەگۆڕنەوەو، ئەم ئاڵوگۆڕە بەم شێوەیە بەردەوام دەبێت تا کاتی هەڵبژاردنی خولی دووەمی هەڵبژاردنی ئەنجومەن.

سێیەم: هەر دەقێ پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم بڕیارە بێت ناخرێتە بەرکار.

چوارەم: ئەم بڕیارە لە ڕۆژی دەرهێنانیەوە دەخرێتە بەرکارو لە (وەقائیعی کوردستان)دابلاودەکرێتەوە.

**د. ڕۆژ نوری شاوەیس**

**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان- عێراق**

# پاشکۆی ژمارە (٦)

## ژمارەی دانیشتنە ئاساییو نا ئاساییەکان و ژمارەی یاساو بڕیارەکانی خوولی یەکەمی پەرلەمانی کوردستان (١٩٩٢- ٢٠٠٥)

| ساڵ | ژمارەی دانیشتنەکان | | | |
|---|---|---|---|---|
| | ئاسایی | نا ئاسایی | بڕیار | یاسا |
| ١٩٩٢ | ١٥٢ | ١ | ٣٥ | ١٧ |
| ١٩٩٣ | ٦٢ | ___ | ٢٩ | ٢١ |
| ١٩٩٤ | ٤١ | ٤ | ٣٤ | ٠٤ |
| ١٩٩٥ | --- | ١ | ٠١ | ٠١ |
| ١٩٩٦ | ٩ | --- | ٠٨ | ٠٤ |
| ١٩٩٧ | ٢٩ | ١ | ٢٦ | ١٣ |
| ١٩٩٨ | ١٨ | --- | ١٢ | ٠٩ |
| ١٩٩٩ | ٣٤ | --- | ٢٠ | ١٨ |
| ٢٠٠٠ | ٤٢ | ٣ | ٢٠ | ١٩ |
| ٢٠٠١ | ٢ | ١ | ١٤ | ١٨ |
| ٢٠٠٢ | ١٩ | --- | ٢٩ | ١٧ |
| ٢٠٠٣ | ٢٩ | --- | ١٣ | ٠٧ |
| ٢٠٠٤ | ١٦ | --- | ١٧ | ٢٥ |
| کۆی گشتی | ٣٩١ | ١١ | ٢٥٧ | ١٧٣ |
| | | | (٤٣٠) | |

## پاشکۆی ژمارە (٧)

### نەتەوە

| ژ | نەتەوە | ژمارە |
|---|---|---|
| ١ | کورد | ١٦٢ |
| ٢ | کلدان و ئاشووری | ٧ |
| | کۆی گشتی | ١٦٩ |

## پاشکۆی ژمارە ( ٨ )

### ئایین

| ژ | ئایین | ژمارە |
|---|---|---|
| ١ | موسڵمان | ١٦٠ |
| ٢ | مەسیحی | ٧ |
| ٣ | ئێزیدی | ٢ |
| | کۆی گشتی | ١٦٩ |

## پاشکۆی ژمارە ( ٩ )

## ڕێژەی پەرلەمانتارانی ژنان و پیاوان لە خولی یەکەمی پەرلەمانی کوردستان ( ١٩٩٢- ٢٠٠٥ )

| ژ | ڕێژەی پەرلەمانتارانی ژنان و پیاوان | ژمارە |
|---|---|---|
| ١ | ڕێژەی پەرلەمانتارانی ژن لە پەرلەمانی کوردستان | ٩ |
| ٢ | ڕێژەی پەرلەمانتارانی پیاو لە پەرلەمانی کوردستان | ١٦٠ |
| | کۆی گشتی | ١٦٩ |

## پاشکۆی ژمارە ( ١٠ )

## لیستەکان

| ژ | لیست | ژمارەی ئەندامان |
|---|---|---|
| ١ | لیستی زەرد | ٥٠ |
| ٢ | لیستی سەوز | ٥٠ |
| | لیستی مۆر | ٥ |
| | کۆی گشتی | ١٠٥ |

دواتر ئەوەی لە ئەندامیەتی نەدەما ئەوا لەهەمان لیست یەکێکی دیکەی دەهێنایە شوێنیو ژمارەیان لە (١٩٩٢- ٢٠٠٥) گەیشتە ١٦٩

## پاشکۆی ژمارە ( ١١ )

## ئاستی خوێندنی پەرلەمانتارانی خولی یەکەمی پەرلەمانی کوردستان

( ١٩٩٢- ٢٠٠٥ )

| ژ | ئاستی خوێندن | ژمارە |
|---|---|---|
| ١ | بەکالۆریۆس | ٩٠ |
| ٢ | دکتۆرا | ١٤ |
| ٣ | ماستەر | ٥ |
| ٤ | پەیمانگا | ١١ |
| ٥ | خانەی ماۆستایان | ٥ |
| ٦ | خولی پەروەردەیی | ٢ |
| ٧ | دەرچووی خوێندنی ئایینی | ٦ |
| ٨ | ئامادەیی | ١٨ |
| ٩ | ناوەندی | ١٥ |
| ١٠ | سەرەتایی | ٣ |
|  | کۆی گشتی | ١٦٩ |

# پاشکۆی ژمارە (١٢)

## چاپکراوەکانی خولی یەکەمی پەرلەمانی کوردستان- عێراق

١. کۆی یاساو بڕیارەکانی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان- عێراق. بەرگی یەکەم لە ١٩٩٢/٦/٤- ١٩٩٢/١٢/٣١(بەزمانی کوردیو عەرەبی).

٢. کۆی یاساو بڕیارەکانی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان- عێراق. بەرگی دووەم لە ١٩٩٣/١/١- ١٩٩٦/١٢/٣١.

٣. کۆی یاساو بڕیاەکانی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان- عێراق. بەرگی سێیەم لە ١٩٩٧/١/١- ١٩٩٨/١٢/٣١.

٤. کۆی یاساو بڕیاەکانی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان- عێراق. بەرگی چوارەم لە ١٩٩٩/١/١- ١٩٩٩/١٢/٣١.

٥. کۆی یاساو بڕیاەکانی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان- عێراق. بەرگی پێنجەم لە ٢٠٠٠/١/١- ٢٠٠٠/١٢/٣١.

٦. کۆی یاساو بڕیاەکانی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان- عێراق. بەرگی شەشەم لە ٢٠٠١/١/١- ٢٠٠١/١٢/٣١.

٧. کۆی یاساو بڕیاەکانی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان- عێراق. بەرگی حەوتەم لە ٢٠٠٢/١/١- ٢٠٠٢/١٠/٣٠.

٨. کۆی یاساو بڕیاەکانی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان- عێراق. بەرگی هەشتەم لە ٢٠٠٢/١٠/٤- ٢٠٠٥/٣/٢٨.

- پرۆتۆکۆڵەکان لە ژمارە (١-٣٤).
- رۆژنامەی پەرلەمان لە ژمارە (١/٧٨).

- پەیڕەوی ناخۆی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان– عێراق لە ١٩٩٢.
- نامیلکەی چالاکیەکانی پەرلەمانی کوردستان.
- یاساو بڕیارە لەکارخراوەکان لەهەرێمی کوردستان– عێراقدا، ٢٠٠٢.
- هەرێمی کوردستان– عێراق، ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان– عێراق بەهەرسێ زمانی (کوردیو عەرەبیو ئینگلیزی) ساڵی ١٩٩٨ چاپکراوە.
- الديمقراطية البرلمان وحكومة جنوب كوردستان بەهەرسێ زمانی (کوردیو عەرەبیو ئینگلیزی) ساڵی ١٩٩٦ چاپکراوە.
- قانون الحكم الذاتي لجزيرة أولند الفنلندية ١١٤٤/ ١٦ آب– ١٩٩١ ترجمة عماد جميل المزوري.
- خلاصه انجازات المجلس من القوانين والقرارات للفتره من ١٩٩٢/٦/٤– ١٩٩٧/٥/٣١.
- خلاصه انجازات المجلس من القوانين والقرارات للفتره من ١٩٩٢/٦/٤– ٢٠٠٢/٦/٤.
- وتاری ڕێزداران میوانەکانی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان– عێراق. لە هەڵکەوتەکانی پەرلەمان ١٩٩٢/٦/٤– ٢٠٠٢/٦/٤.
- بەرنامەی کاری دانیشتنەکانی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان– عێراق. بەشی یەکەم ١٩٩٢/٦/٤– ١٩٩٧/٧/٣١.
- بەرنامەی دانیشتنەکانی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان– عێراق. بەشی دووەم ١٩٩٨/٣/٩– ٢٠٠٢/٦/٤.
- بەرنامەی دانیشتنەکانی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان– عێراق. ٢٠٠٢/٥/٢٨– ٢٠٠٥/٤/٧.

## پاشکۆی ژمارە ( ١٣ )

## پێکهاتەی لیژنە هەمیشەییەکانی پەرلەمان بە پێی بڕیاری ژمارە ٢٩ لە ٢٠٠٢/١١/١٢و بڕیاری ژمارە ٣٦ لە ٢٠٠٣/٥/٦

### یەکەم: لیژنەی کاروباری یاسایی

| | |
|---|---|
| ١. محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی | سەرۆك |
| ٢. ئەحمەد شەریف | جێگری سەرۆك |
| ٣. حەلیمە حسێن محەمەد | بڕیاردەر |
| ٤. کاکەرەش محەمەد نەقشبەندیی | ئەندام |
| ٥. شێروان ناسح حەیدەری | ئەندام |
| ٦. حسێن عارف عەبدولرەحمان | ئەندام |
| ٧. عیدۆ بابەشێخ | ئەندام |
| ٨. تاریق محەمەد سعید جامباز | ئەندام |

### دووەم: لیژنەی کاروباری دارایی و ئابووری

| | |
|---|---|
| ١. جەمیل عەبدی سەندی | سەرۆك |
| ٢. د. سەردار محەمەد عەبدولقادر | جێگری سەرۆك |
| ٣. حەمید سەلیم میران | بڕیاردەر |
| ٤. ئەحمەد عەبدولرەحمان قەساب | ئەندام |
| ٥. بەتریس سەخریا هرمز | ئەندام |
| ٦. شەفیقە فەقێ عەبدوڵڵا | ئەندام |

## سێیەم : لیژنەی کاروباری ناوەخۆ

| | |
|---|---|
| ١. بەکر ئەحمەد یەعقوب | ئەندام |
| ٢. فازل رەئوف سالح | جێگری سەرۆك |
| ٣. عەلی عەبدوڵڵا | بڕیاردەر |
| ٤. عیماد ئەحمەد سەیفەر | ئەندام |
| ٥. مامەند عەباس مامەند ئاغا | ئەندام |
| ٦. مەناف نادر قادر (سەفینی مەلا قەرەی) | ئەندام |
| ٧. نادر محەمەد قادر | ئەندام |

## چوارەم : لیژنەی کشتوکاڵ و ئاودێری

| | |
|---|---|
| ١. د. لەتیف مەحمود بەرزنجی | سەرۆك |
| ٢. ئەبوبەکر حاجی سەفەر | جێگری سەرۆك |
| ٣. سوارە محەمەد ئەمین | بڕیاردەر |
| ٤. ئەحمەد عەلی عومەر | ئەندام |
| ٥. حەسەن کانەبی خضر | ئەندام |
| ٦. موحسین سالح ئامێدی | ئەندام |
| ٧. کەمال ئیبراهیم فەرەج شالی | ئەندام |

## پێنجەم : لیژنەی کاروباری پەروەردەو فێرکردنی باڵا

| | |
|---|---|
| ١. د. عزەدین مستەفا رەسول | سەرۆك |
| ٢. عەفان عوسمان نەقشبەندیی | جێگری سەرۆك |
| ٣. رەئوف فەرەج سالح | بڕیاردەر |
| ٤. د. ئیدریس هادی سالح | ئەندام |

| | |
|---|---|
| ٥. فاتیح محەمەد ئەمین | ئەندام |
| ٦. حسێن جەنبەلی عەبدوڵڵا | ئەندام |
| ٧. سەلاحەدین عەبدولحەمید | ئەندام |
| ٨. زەهرە حاجی تەها | ئەندام |
| ٩. ئەکرەم عاشور | ئەندام |

## شەشەم: لیژنەی تەندروستیو کاروباری کۆمەڵایەتی

| | |
|---|---|
| ١. شەفیق ئەمین محەمەد | سەرۆك |
| ٢. نیعمەت عەبدوڵڵا پیرداود | جێگری سەرۆك |
| ٣. زاهیر محەمەد ئیبراهیم | بڕیاردەر |
| ٤. ئیسماعیل ئیبراهیم مەردان | ئەندام |
| ٥. د. نیاز جەمیل میران | ئەندام |
| ٦. وریا ئەحمەد دزەیی | ئەندام |

## حەوتەم: لیژنەی پەیوەندییەکانو کاروباری ڕۆشنبیری

| | |
|---|---|
| ١. یونادم یوسف کنا | سەرۆك |
| ٢. د. جەلال شەفیق | جێگری سەرۆك |
| ٣. جەلال سەلیم خۆشناو | بڕیاردەر |
| ٤. ئەحمەد سالار عەبدولواحید | ئەندام |
| ٥. حیکمەت محەمەد کەریم (مەلا بەختیار) | ئەندام |
| ٦. سەرتیپ محەمەد (سیروان کاکەیی) | ئەندام |
| ٧. مستەفا قادر محەمەد | ئەندام |

## هەشتەم: لیژنەی ئەوقافو کاروباری ئایینی

| | |
|---|---|
| ١. مەلا محەمەد ئەمین چەمچەماڵی | سەرۆك |
| ٢. مەلا موحسین خالید موفتی | جێگری سەرۆك |
| ٣. ئەحمەد تاهیر نەقشبەندیی | بڕیاردەر |
| ٤. جەوهەر ئەحمەد شاواز | ئەندام |
| ٥. لەتیف عەبدولقادر سادق | ئەندام |
| ٦. مەلا محەمەد تاهیر زین العابدین | ئەندام |
| ٧. مەلا مەحمود دێرشەوی | ئەندام |
| ٨. مەزهەر عەلی مستەفا کاکی هیرانی | ئەندام |

## نۆیەم: لیژنەی شارەوانییەکانو گواستنەوەو گەیاندن

| | |
|---|---|
| ١. مەلا هادی خضر کوێخا | سەرۆك |
| ٢. عەبدولکەریم کاکە حەمە | جێگری سەرۆك |
| ٣. حەمە عەلی تۆفیق نیرزا فەتاح | بڕیاردەر |
| ٤. چەتۆ رەئوف حەوێزی | ئەندام |
| ٥. سەعید محەمەد سدیق هروری | ئەندام |
| ٦. سەفەر محەمەد حسێن | ئەندام |
| ٧. قادر مامەند بابەکر | ئەندام |

## دەیەم: لیژنەی پیشەسازو ووزەو کانزاکان

| | |
|---|---|
| ١. سالار عەزیز | سەرۆك |
| ٢. محەمەد ئەمین مولود | جێگری سەرۆك |
| ٣. ئەحمەد عەبدولرەحمان قەساب | بڕیاردەر |

٤. جەلال سەلیم خۆشناو — ئەندام

٥. حەیدەر ئیسماعیل (م. رێبوار) — ئەندام

٦. رزگار حاجی کایل — ئەندام

٧. یوسف جەمیل میران — ئەندام

## یازدەم: لیژنەی کاروباری پێشمەرگە

١. جەعفەر عەلی عەبدولعەزیز — سەرۆك

٢. جەعفەر مستەفا عەلی — جێگری سەرۆك

٣. حەسەن سالح رۆستەم خان — بڕیاردەر

٤. حەسەن حەمید رەحیم (مام رۆستەم) — ەندام

٥. قاسم محەمەد قاسم (د. رزگار) — ئەندام

٦. نۆشیروان فوئاد مەستی — ئەندام

٧. یار ئەحمەد ئەفراسیاب — ئەندام

## دوازدەم: لیژنەی مافی مرۆڤ

١. ئەبوبەکر مستەفا سەعید — سەرۆك

٢. یەحیا محەمەد عەبدولکەریم — جێگری سەرۆك

٣. ئەبوبەکر محەمەد حاجی (مەلا شاخی) — ڕیاردەر

٤. ئیبراهیم دوغرمەچی — ئەندام

٥. ئەنوەر شکور محەمەد — ئەندام

٦. محەمەد عەباس عەولّا — ئەندام

٧. نەجمەدین رەشید محەمەد ئەمین — ئەندام

## سیزدەم: لیژنەی ئەشغال و ئاوەدانکردنەوە

| | |
|---|---|
| ١. سەباح حسێن عوسمان (بەهمەن) | سەرۆك |
| ٢. ئیبراهیم سەعید محەمەد | جێگری سەرۆك |
| ٣. نەهلە محەمەد سەعدوڵڵا | بڕیاردەر |
| ٤. شمائیل ننو بنیامین | ئەندام |
| ٥. فەرحان عەبدوڵڵا شرفانی | ئەندام |
| ٦. رەجەب شەعبان تیب | ئەندام |
| ٧. مەزهەر عەلی مستەفا کاکی هیرانی | ئەندام |

## چواردەم: لیژنەی پاراستنی مافی ئافرەت

| | |
|---|---|
| ١. شەفیقە فەقێ عەبدوڵڵا | سەرۆك |
| ٢. گەلاوێژ عەبدولجەبار | جێگری سەرۆك |
| ٣. بورهان جاف | بڕیاردەر |
| ٤. ئەحمەد عەلی دزەیی | ئەندام |
| ٥. زەهرا حاجی تەها | ئەندام |
| ٦. فەوزیە عزەدین رەشید | ئەندام |
| ٧. نەهلە محەمەد سەعدوڵڵا | ئەندام |

## پاشکۆی ژمارە (١٤)

## پەرلەمانی کوردستان لە خولی یەکەمدا (١٩٩٢- ٢٠٠٥) حەوت پڕۆژەی یاساو بڕیاری حکومەتی کوردستانی ڕەتکردۆتەوە!

١. ڕەتکردنەوەی پڕۆژەی بڕیاری بە موڵك کردنی زەوی‌و زاری کشتوکاڵ بۆ تەرخان بووە کشتوکالییەکان (المتفرغون الزراعیون) کە بۆیان دانرابوو (ژمارەی بڕیار٢٨/ ١٩٩٣).

٢. ڕەتکردنەوەی (رفض)ی پڕۆژەی یاسای (**ارجاء النظر في الدعاوي الناشئة عن الالتزامات الحكومة السابقة**) کە لە ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان- عێراقەوە هاتووە (ژمارەی بڕیار١٧/ ١٩٩٧).

٣. ڕەتکردنەوەی (**رفض**)ی پڕۆژەی دەسەڵاتدان بە ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان لەمەڕ بەخشینی دەرماڵەی جۆراوجۆر بە فەرمانبەرانی هەرێم (ژمارەی بڕیار٢٤/ ١٩٩٧).

٤. ڕەفزکردنی پڕۆژەی یاسای هەموارکردنی یاسای سەندیکای دەرمانسازای هەرێمی کوردستان- عێراق- ژ١٩٩٨/٨ (ژمارەی بڕیار٣٢/ ١٩٩٩).

٥. ڕەتکردنەوەی (**رفض**)ی ئەو پڕۆژەیەی لە ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمەوە هاتووە دەربارەی هەموارکردنی بڕگەی (٢) لە ماددەی (٤)ی یاسای وەزراەتی داد ژمارە (١٢)ی ساڵی ١٩٩٢، تایبەت بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی داد (ژمارەی بڕیار٤/ ١٩٩٨).

٦. ڕەتکردنەوەی (**رفض**)ی ئەو پڕۆژەیەی کە لە ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمەوە هاتووە، دەربارەی دامەزراندنی دادوەر بەڕێز (عەزیز عەبدوڵلا ئەحمەد) لە دایکبووی ١٩٢٧ وەکو ئەندامێکی ڕەسەن (ئەصلی) لە

دادگای تەمیزی هەرێمی کوردستاندا، بەدەر لە یاسای دەسەڵاتی دادوەری ژمارە (١٤)ی ساڵی ١٩٩٢ (ژمارەی بڕیار٣/ ١٩٩٨).

٧. رەفزکردنی پڕۆژەی بڕیاری بەرزکردنەوەی ساڵی خانەنشین کردن بەخورتی (اجباری) پزیشكو پزیشکەکانی ددانو دەرمانسازەکان لە(٦٣) ساڵەوە بۆ (٦٨) ساڵی (ژمارەی بڕیار١٢/ ١٩٩٨) ئەمەش مافێکی یاسایی پەرلەمانی کوردستانە کە هەر ئەو یاسادانەرە (م ٥٦) بەهۆکاری یاسایی دوا بڕیار بە بڕیاردان یا بە رەتکردنەوەی پڕۆژەی یاساو بڕیارەکان کە لە حکومەتەوە بۆی دێن دەدات.

# پاشکۆی ژمارە (١٥)

**بەناوی خودای بەخشندەو میهرەبان**

**بەناوی گەل**

پشت بە حوکمەکانی بڕگەی ٨ی ماددە (٥٦) لە یاسای ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان– عێراق ئەم پەیڕەوەی خوارەوە دەرهێنرا.

## پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان- عێراق

## ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو.

## بەشی یەکەم

## پێناسەکان

**ماددەی (١):**

ئەم وشانەی خوارەوە لەم پەیڕەوەدا، ئەو مانایەیان هەیە کە لە تەنیشتیانەوە روونکراونەتەوە:

هەرێم: هەرێمی کوردستان– عێراق.

ئەنجوومەن: ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان– عێراق.

سەرۆك: سەرۆکی ئەنجوومەن.

ئەندام: ئەندامی ئەنجوومەن.

دەستە: دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجوومەن.

یاسا: یاسای ئەنجوومەنی نیشتمانیی هەرێمی کوردستان– عێراق.

پەیڕەو: پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجوومەن.

دانیشتن: تێکڕای ئەو کۆبوونەوانەی کە لە ڕۆژێکدا دەبەسترێن.

خولی گرێدان (دورة الإنعقاد): تێکڕای ئەو دانیشتنانەی کە لەماوەی چوار مانگدا دەبەسترێن.

خولی هەڵبژاردن: ماوەی جڵەوگیری (ولایە)ی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان- عێراق.

گروپ: تێکڕای ئەو ئەندامانەی ئەنجوومەن کە سەر بە یەکێ لەو لیستە سەرکەوتووانەن لە هەڵبژاردنی گشتییدا ڕێژەی ٧٪، یان زیاتری دەنگیان هێناوە (١).

## بەشی دووەم

## کۆبوونەوەی ئەنجوومەن

**ماددەی (٢):**

ئەنجوومەن لە هەولێر کۆدەبێتەوە، دەشگونجێ لەکاتی پێویستیدا لەهەر شوێنێکی تر کۆبوونەوەی خۆی ببەستێ.

**ماددەی (٣):**

ئەنجوومەن کۆبوونەوەی یەکەمی لە سەعات (١٠)ی ڕۆژی (دە)یەمی دوای ڕاگەیاندنی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن بەپێی یاسا بەر قەرارەکان دەبەستێت.

**ماددەی (٤):**

کۆبوونەوەی ئەنجوومەن بەئامادەبوونی زۆربەی ئەندامانی نەبێ یاسایی نابێ، ئەنجوومەن بەئامادەبوونی زۆرینەی ئەندامانی بڕیارەکانی دەدا، جگە لەو حاڵەتانەی کە بەپێی یاسا پێویستی بەزۆرینەی تایبەتی (الأغلبية الخاصة)هەیە، ئەگەر دەنگەکانیش وەك یەك بوون بەولایەدا دادەلەنگێ کە دەنگی سەرۆکی لەگەڵدایە (٢).

**ماددەی (٥):**

١. ئەنجوومەن لەساڵێکدا دوو خولی دەبێ.

یەکەمیان لەسەرتای مانگی مارتەوە دەست پێدەکاو لەکۆتایی مانگی حوزەیراندا دوایی دێ.

دووەمیان لە سەرەتای مانگی ئەیلوولەوە دەست پێدەکاو لەکۆتایی مانگی کانوونی یەکەمدا دوایی دێ.

٢. بەدەر لەو دەستنیشانکردنەی بڕگەی پێشوو، رێکخستنی ماوەی خولی یەکەمو دووەمی ساڵی (١٩٩٢)ی ئەنجوومەن، بەدەستەی سەرۆکایەتی دەسپێردرێ.

**ماددەی (٦):**

١. سەرۆك یا چواریەکی ئەندامانی ئەنجوومەن، بۆیان هەیە داوای کۆبوونەوەیەکی نائاسایی ئەنجوومەن بکەن، بەڵام کۆبوونەوەکە دەبێ تەنیا لەو یاسایانە بدوێ کەبۆی دەستنیشان کراون.

٢. سەرۆك لەسەر داواکردنی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران، بۆی هەیە لەکاتی پێویستیدا، داوای کۆبوونەوەیەکی نائاسایی ئەنجوومەن بکا.

**ماددەی (٧):**

ئەنجوومەن بۆی هەیە بەزۆرینەی دوو لەسەر سێ بەشی ئەندامانی، ماوەی هەر یەکێك لەدوو خولەکەی بۆ ماوەیەك کە لە مانگێك تێنەپەڕێ درێژ بکاتەوە، بەمەبستی بەئەنجام گەیاندنی ئەو ئەرکانەی دەبنە هۆی درێژکردنەوەکە.

**ماددەی (٨):**

ماوەی ئەنجوومەن چوار ساڵە، لە یەکەم دانیشتنەوە دەست پێدەکاو بە دانیشتنی کۆتایی لەساڵی چوارەمدا دوماهی پێدێ.

**ماددەی (٩):**

کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەن بەئاشکرا دەکرێن، بەڵام دەکرێ لەسەر داخوازی سەرۆك یان ژمارەیەك لە ئەندامان کە لە چواریەکی کەمتر نەبن‌و بە بڕیاری زۆربەی ئامادەبووان نهێنی بێ.

## بەشی سێهەم

## دەستەی سەرۆکایەتی

## یەکەم/ هەڵبژاردنی دەستە

**ماددەی (١٠):**

بەتەمەنترین ئەندام لەناو ئامادەبوواندا، سەرۆکایەتی ئەو یەکەم کۆبوونەوەیە دەکا کە لە ماددە (٣)ی ئەم پەیڕەوەدا باس کراوە.

**ماددەی (١١):**

سەرۆکی کاتی‌و دوابەدوای ئەو هەریەك لە ئەندامان ئەم سوێندە یاساییەی خوارەوە لەبەردەم ئەنجوومەندا دەخۆن: (**سوێند بەیەزدانی مەزن پارێزگاری لە یەکێتی گەل‌و خاکی کوردستان- عێراق‌و بەرژەوەندییە باڵاکانی دەکەم**).

**ماددەی (١٢):**

ئەندامی هەڵبژێردراو لەو کاتەوە کە سوێندی یاسایی دەخوا، بە ئەندامی ئەنجوومەن‌و دەست بەکار دادەندرێ‌و بەم گوێرەیە هەموو مافێکی ئەندامێتی هەیە.

**ماددەی (١٣):**

١. سەرۆکی کاتی دوای سوێند خواردن جاڕی دەرگاکردنەوەی پاڵاوتن بۆ فرمانەکانی دەستە دەدا کە سەرۆکی ئەنجوومەن‌و جێگرەکەی‌و سکرتێرن.

٢. دوای دەرگا داخستن لەسەر پاڵاوتن، کرداری هەڵبژاردن بەڕێگای دەنگدانی نهێنی ئەنجام دەدرێ، ئەوەی زۆرینەی دەنگی ئامادەبووان بێنێ، ئەو پلەو پایەی پێ دەدرێ.

**ماددەی (١٤):**

١. هەر ئەندامێکی ئامادەبوو لە دانیشتنەکەدا کاغەزێکی مۆرکراو بەمۆری ئەنجوومەنی پێدەدرێ ناوی ئەو ئەندامانەی لەسەر دەنووسێ کە ئارەزوودەکا بۆ هەر کام لە پایەکانی دەستە هەڵیان بژێرێ.

٢. ئەندامەکە کاغەزەکەی خۆی دەخاتە ناو ئەو سەندوقەوە کە بۆ ئەو مەبەستە ئامادەکراوە، لەجیاتی‌و بریکاری دەنگدان نابێ، هەر کاغەزێك مۆری پێوەنەبێ یان ئاماژە بەیەکێ لە پاڵێوراوەکان نەکا بەپووچەڵ دادەنرێ.

٣. لە ئامادەبووان دوو ئەندامی لەهەمووان بچووکتر بەتەمەن لەژێر سەرپەرشتی سەرۆکی کاتی هەڵدەستن بە جیاکردنەوەی ناوەکان.

٤. ئەگەر ژمارەی دەنگی رکابەرکان لەسەر یەکێك لەو پلەو پایانە وەك یەك بوون، لە دانیشتنێکی تردا هەڵبژاردن دووبارە دەکرێتەوە بۆ پایەکەیان، ئەو پایانەی کە وەك یەك دەنگیان بۆ دراوە، گەر ئەم

حاڵەتەش دووبارە بۆوە ئەمجارەیان تیروپشك (قورعە) لەنێوانیاندا دەکرێ.

**ماددەی (١٥):**

سەرۆکی کاتی ئەنجامی هەڵبژاردنەکە رادەگەیەنێو داوا لە سەرۆکی هەڵبژێردراو وجێگرو سکرتێرەکەی دەکا کە بچن لە شوێنی تایبەتیی دەستەی سەرۆکایەتیدا دابنیشن.

**ماددەی (١٦):**

١. ئەگەر یەکێك لە ئەندامانی دەستەی سەرۆکایەتی داوای واز لە کارهێنانی کرد، لەسەر بڕیاری ئەنجوومەن بەزۆرینەی دەنگی ئامادەبووان لێی قبوڵ دەکرێ.

٢. ئەگەر شوێنی سەرۆك یان جێگرەکەی یا سکرتێر لەبەر هەر هۆیەك بێ چۆڵ بوو، ئەنجوومەن لەیەم کۆبوونەوەیدا کە لەدوای چۆڵ بوونەکەدا دەیکا، جێگرەوەیەکی هەر بەو شێوەی هەڵبژاردنەی لەم پەیڕەوەدا دەستنیشان کراوە، بۆ هەڵدەبژێرێ.

## دووەم/ ئەك و دەسەڵاتەکانی سەرۆك

**ماددەی (١٧):**

سەرۆك ئەم ئەرکو دەسەڵاتانەی خوارەوە ئەنجام دەدا:

١. پیادەکردنی یاساو پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجوومەن.

٢. کردنەوەی خولو دانیشتنەکانی ئەنجوومەنو سەرکردایەتی کردنیانو کۆتایی پێ هێنانو دواخستنیانو دیاریکردنی کاتەکانیان.

٣. هەڵسوڕاندنی گفتوگۆکانو پاراستنی رێكوپێکی ئەو هەڵسوڕانە.

٤. خۆئامادەکردنی پێویست بۆ پارێزگاری کردنی هێمنیو ڕێکوپێکی لەناو ئەنجوومەنداو بۆی هەیە دەست نیشانی هێزی نیزامی پێویست بۆ ئەو مەبەستە بکاو لەژێر ڕکێفی دابێ.

٥. ئیمزاکردنی مەحزەرەی دانیشتنەکان لەگەڵ دوو ئەندامی دەستەی سەرۆکایەتیدا.

٦. ئەنجامدانی هەموو کردارێکی یاساییو بەڕێوەبردنو دارایی کە پێوەندیان بە ئەنجوومەنەوە هەبێو بۆی هەیە دەسەڵات بە کەسانی تربدا لە ئەندامانی دەستەی سەرۆکایەتی بۆ ئەو مەبەستە.

٧. ئیمزاکردنی هەموو نووسراوە ڕەسمییەکان لەگەڵ دەسەلاتی جێبەجێکردنو لایەنەکانی تر لەناو هەرێم دەرەوەیدا.

٨. ئیمزاکردنی هەموو ئەو نووسراو وموخابەرانەی کە لە ئەنجوومەنەوە یان لە یەکێ لە لیژنەکانیەوە دەردەچێ دوای مۆرکردنی بە مۆری خۆی.

٩. دڵنیابوون لە تەواوبوونی (النصاب) بەیارمەتی دوو ئەندامەکەی تری دەستەی سەرۆکایەتی.

١٠. ئیشو کارەکان لە ئەنجوومەندا بخرێنە ڕوو بۆ دەنگ لەسەر دانیان لەکاتی پێویستدا.

١١. سەرپەرشتی کردنی کاری لیژنەکانی ئەنجوومەن.

١٢. نوێنەرایەتی کردنی ئەنجوومەن لەبۆنەو ئاهەنگە نیشتمانیەکانو بۆنەکانی تردا، وەدەتوانێ بۆ ئەو مەبەستە دەسەڵات بە ئەندامانی تر بدات.

١٣.دەرهێنانی ئەو یاساو بڕیارو پەیڕەوانەی کە ئەنجوومەن لەسەریان پێك هاتووە.

## سێیەم: ئەك و دەسەڵاتەکانی جێگری سەرۆك

**ماددەی ( ١٨ ):**

جێگری سەرۆك ئەم ئەك و دەسەڵاتانەی خوارەوە ئەنجام دەدا:

١. لەکاتی ئامانەبوونی سەرۆکدا تێکڕای دەسەڵاتەکانی ئەو بەجێ دێنێ، هەروەها سەرۆك دەتوانێ هەندێ ئەرکی دیاریکراوی پێ بسپێرێ.

٢. بەشدرایی کردن لە کارەکانی دەستەی سەرۆکایەتی و وەزیفەکانی بەو سیفەتەی ئەندامێکە لەو دەستەیەدا.

٣. بەدواداچوونی کاروباری لیژنەکان و ڕاپۆرت پێشکەش کردن لەبارەیانەوە بۆ سەرۆك.

## چوارەم/ ئەك و دەسەڵاتەکانی سکرتێر

**ماددەی ( ١٩ ):**

سکرتێر ئەم ئەرك و دەسەڵاتانە بەجێ دێنێ:

١. سەرپەرشتی کردنی نووسینی کۆنووسی کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەن و بەرنامەی کاری دانیشتنەکان و چاپکردن و دابەش کردنیان بەسەر ئەندامانداا.

٢. جێگیرکردنی ناوی ئەو ئەندامانەی دەیانەوێ قسەبکەن.

٣. بەشداربوون لە کاروبارو فەرمانەکانی دەستەی سەرۆکایتیدا بەو سیفەتەی کە ئەندامێکە لەو دەستەیەدا.

## پێنجەم: ئەرك و دەسەڵاتە هاوبەشەکان

**ماددەی (٢٠):**

١. دانانی بەرنامەی کاری هەریەکێ لە کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەن، کە دەبێ لەگەڵ ئەو پرۆژەو پێشنیازو راپۆرتانەی گفتوگۆیان لەسەر دەکرێ، بەلانی کەمەوە پێش دوو رۆژ لە بەستنی ئەنجوومەن بە ئەندامانی پەرلەمانو ئەندامانی ئەنجوومەنی وەزیران رابگەیەندرێ.

٢. یەکلاکردنەوەی ململانێی پسپۆڕایەتی (تنازع الأختصاص) لەنێوان لیژنەکاندا سەبارەت بەو قەزیانەی کە بۆیان چووەو بن بڕکردنیان.

٣. دانانی بنەمایەکی تایبەتی بۆ رێکخستنو نووسینی کۆنووسەکان.

٤. خوێندنەوەی پوختەی کۆنووسی دوا دانیشتنی ئەنجوومەن لە دانیشتنی داهاتوودا.

**ماددەی (٢١):**

هەر کات بە پێویست زانرا، دەستەی سەرۆکایەتی لەسەر داوای سەرۆك کۆدەبێتەوەو دەبێ کۆنووسی کۆبوونەوەکانی رێك بخاو ئەو باسو بیروڕاو بڕیارو بنەمایانەی تێدا جێگیر بکرێ کە بۆی نێردراونو ئەندامەکانی ئیمزای دەکەنو لەگەڵ بەڵگەنامەکانی ئەنجوومەندا دەپارێزرێ.

**ماددەی (٢٢):**

ئەگەر سەرۆكو جێگرەکەی نەیانتوانی ئەرکی سەرۆکایەتی بەجێ بێنن، بەتەمەنترین ئەندام لەناو ئامادەبوواندا، سەرۆکایەتیی ئەنجوومەن دەکا.

**ماددەی ( ٢٣ ):**

لەحاڵەتی ئامادەنەبوونی سکرتێردا، یەکێك لە ئەندامان لەسەر بڕیاری زۆربەی ئامادەبووان بۆ جێبەجێکردنی ئەرکەکانی دەستنیشان دەکرێ تا کاتی ئامادەبوونی.

## بەشی چوارەم

## ئەندامێتی لە ئەنجوومەندا

## یەکەم/ دروستی ئەندامەتی

**ماددەی ( ٢٤ ):**

١. هەر ئەندامێکی ئەنجوومەن بۆی هەیە تانووت لە ئەندامێتی هەر ئەندامێکی تر بدا، هەر پاڵێوراوێ:ی لیستە سەرکەوتووەکانیش بۆی هەیە تانووت لە ئەندامێتی ئەندامی سەرکەوتووی لیستەکەی خۆی بدا لەلای ئەنجوومەن.

٢. لە دووەم دانیشتنی ئەنجوومەنداو بەهەڵبژاردن لیژنەیەکی کاتی بەناوی (لیژنەی چاوگێڕان بە دروستیی ئەندامێتی) لە ژمارەیەك پێکدەهێنرێ کە لە پێنج ئەندام کەمتر نەبن بەمەرجێ لەنێوانیاندا ئەندامێك نەبێ کە تانووت لە دروستیی ئەندامێتی درابێ.

٣. لیژنە سەیری داواکاری تانووت دەکاو بۆی هەیە سەیری هەموو ئەو کۆنووسو بەڵگەنامانە بکات کە پەیوەندیدارن لە هەڵبژاردنی ئەندامی تانووت لێدراوەوە، ڕاپۆرتی خۆی پێشکەش دەکات لەماوەی ئەو پەڕی مانگێك لەمێژووی هەواڵەکردنی داواکارییەکەوە بۆی.

٤. یەکلاکردنەوەی دروستیی ئەندامێتی تایبەتە بە ئەنجوومەنەوە، بڕیاری خۆی بەزۆرینەی دووسێیەکی (ثلثي) ئامادەبووان دەدا.

٥. تانووتەکان بەنووسراوەیی دەخرێتە بەردەم سەرۆك لەماوەی خولی یەکەمدا لەمێژووی یەکەم دانیشتندا کە ئەنجوومەن دوای هەڵبژاردنی دەیبەستێ، سەرۆکیش ئەم تانووتانە هەواڵەی (لیژنەی چاوگێڕان بە دروستیی ئەندامێتیی) دەکاو هەمان کردار بەرامبەر ئەو ئەندامانەی دوای ئەوە دەدەنەپاڵ ئەنجوومەن.

٦. ئەگەر راستی تانووت سەڵمێنرا سەرۆك ئەنجامەکانی ئەوە پێشکەش بە لایەنی خاوەن لیست دەکا بۆ ئەوەی پاڵێوراوێکی تر لەماوەی شەست رۆژدا لەهەمان لیستدا هەڵبژاردن بەگوێرەی ئەوەی کە لە مادده (٤٤)ی یاسادا هاتووە، بەمەرجێك ئەو ماوەیەی کە بۆ ئەنجوومەن ناوە لەشەش مانگ کەمتر نەبێ.

٧. ئەگەر تانووتەکەش لەدڵەوە نەبوو یان زانیاری نادروستی تێکەوتبوو، لیژنە راپۆرتێك لەسەر ئەوە دەدا بەسەرۆك کە ئەویش بۆی هەیە داواکارییەکە بداتە دادگای لێتۆژینەوەی تایبەتمەند بۆ ئەوەی بە کرداری بەدواداچوونی یاسایی هەڵبەستێ دژی تانووت لێدەر، ئەگەر تانووتەکە داونانەوە بێ (کیدیا) یان بەمەبەستی خراپەکاری بێ دەرهەق بەو ئەندامەی کە تانووت لەراستی ئەندامەتی دراوە.

## دووەم/ ئەرك و مافەکانی ئەندام

**مادده (٢٥):**

١. ئەندام پابەند دەبێ بە ئامادەبوونی کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەن و ئەو لیژنانەی کە ئەندامە تیایاندا، بە عوزرێکی رەوا نەبێ نابێ غایب ببێ کە سەرۆك یان سەرۆکی لیژنەی تایبەتمەند سەبارەت بە کۆبوونەوەی لیژنەکان دیاری دەکەن.

٢. ئامادەنەبوونی ئەندام لە دانیشتنەکانی ئەنجوومەندا بەهۆی داوالێکردنی بە ئەنجامدانی کارێکی رەسمی بە غائیب بوون دانانرێ.

٣. سەرۆك بۆی هەیە مۆڵەتی ئاسایی بە ئەندام بدات ئەگەر بارودۆخەکەی پێویستی بەوەکرد ئەویش لە (١٥) پانزدە رۆژ تێپەڕناکا لەنێوان هەر خولێك لە خولەکانی گرێداندا.

٤. ئەندام بۆی هەیە مۆڵەتی نەخۆشی بەشێوەیەکی ئوسولی لەنێوان خولەکانی گرێداندا وەربگرێ.

٥. لەکاتی ناچاربوونی ئەندام کە غایب ببێ بەبێ ئەوەی بە ئەرکێکی رەسمی هەڵبستێ بەشێوەیەکی بەردەوام لەدوو دانیشتندا پێویستە لەسەری داواکارییەك پێشکەش بە سەرۆکی ئەنجوومەن بکاو هۆیەکانی ئەم ئامادەنەبوونەی تێدا دیاری بکا.

٦. ئەگەر ئامادەنەبوونی ئەندام زیاتر لە مانگێك بەردەوام بەبێ مۆڵەت خواستن لە سەرۆکی ئەنجوومەن هیچ شتێك لە مووچەو دەرماڵەکانی لەماوەی غایب بوونەکەی وەرناگرێ.

٧. ئەگەر ئەندام بەبێ عوزرێ:ی رەوا سێ جاری لێك جیا لە کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەن یان لیژنەکانی لەماوەی خولی گرێداندا ئامادەنەبوو، سەرۆك بۆی هەیە خۆی‌و ئەو لایەنەی دایمەزراندووە بەم کارە ئاگاداربکاتەوە.

## سێیەم/ (حصانه) وخەلاٌتەکان

**ماددەی (٢٦):**

ئەندام لەسەر را دەربڕین‌و ئەو رووداوانەی لەکاتی بەجێهێنانی ئەرکەکانی لە ئەنجوومەندا لێیان دەدوێ، لێی ناپرسرێتەوە.

**ماددەی (٢٧):**

١. لەکاتی خولەکاندا، نابێ بەبێ رێ پێدانی ئەنجوومەن، هیچ کام لە ئەندامانی لەسەر هەر گوناهبار کردنێك راو بنرێ یا بگیرێ، تەنیا لە حاڵەتی گرتنی راستەوخۆ بەکردنی جینایەتێکەوە نەبێ.

٢. لەکاتی پشووەکاندا، نابێ بەبێ ئیزنی سەرۆك هیچ کام لە ئەندامانی ئەنجوومەن راوبنرێ یا بگیرێ لەسەر تاوانێك، تەنیا لە حاڵەتی گرتنی راستەوخۆدا بەکردنی جینایەتێکەوە نەبێ.

٣. داواکە بە ئیزنی سەرۆك لەگەڵ کاغەزەکانی ئەو مەسەلەیەدا کە پێویستە لێپرسینەوەی تێدا بکرێ، دەدرێ بەو لایەنە دادەوەرییەی بەر پرسە.

٤. سەرۆك ئەو داوایە دەخاتە بەرنامەی کاری نزیکترین کۆبوونەوەو دەیخاتە بەردەم ئەنجوومەن بۆ بڕیار لەسەردانی، لەو حاڵەتەدا کە لەبەندی یەکەمی ئەم مادەیەدا باس کراوە.

٥. (ئەنجوومەن لەلانی بوونو نەبوونی بەڵگەکانی تۆمەتەوە ناڕوانێتە ئەم داواکارییە، بەڵکو دەڕوانێتە راستەقینەیی داواکە، ئایا بۆ بەرقەرارکردنی دادوەریی یان داونانەوەیە (کیدتها) بە مەبەستی خراپەکاری دەرهەق بە ئەندامەکە).

**ماددەی (٢٨):**

١. هەریەك لە سەرۆكو جێگری سەرۆكو سکرتێرو ئەندامەکان مووچەو خەڵاتی مانگانە وەردەگرن.

٢. لەکاتی ئامادەنەبوونی ئەندامی ئەنجوومەن لەهەر دانیشتنێکی ئەنجوومەندا بەبێ هیچ عوزرێکی ڕەوا، بڕی (٢٠٠) دووسەد دینار لەو پاداشتەی کە لە بڕگە (١)ی سەرەوەدا ناوی هاتووە دەبڕدرێ بۆ هەر دانیشتنێك، بەمەرجێك تێکڕای بڕینەکان لە پاداشتی مانگانەکەی تێنەپەڕێ[1].

**ماددەی (٢٩):**

١. خزمەتی ئەندام لە ئەنجوومەندا بۆ مەبەستی زیادەی ساڵانەو پلە بەرزیو خانەنشینی دەژمێردرێ.

٢. ئەگەر یەکێك لە ئەندامان لەکاتی یا لە ئەنجامدانی خزمەتکردن لە ئەنجوومەندا یان بەهۆیەوە مرد، مووچەیەکی خانەنشینی کە ئەنجوومەن دەستنیشانی دەکا، بۆ خێزانەکەی دەبڕدرێتەوە.

---

١) بەپێی بڕیاری ٣٨ لە ١٩٩٣/٧/١٨ هەموارکراوە.

## چوارەم/ کۆتایی هاتنی ئەندامێتیو لەدەستدانی

**ماددەی (٣٠):**

أ- ئەندامییەتی لە ئەنجوومەن لەو حاڵەتانەدا کۆتایی پێدێ:

١. تەواوبوونی ماوەی ئەنجوومەن یان هەڵوەشاندنەوەی.

٢. مردنی ئەندام.

ب- ئەندام لەم حاڵەتانەدا ئەندامییەتی خۆی لەدەست دەدا:

١. دەست لەکارکێشانەوەی ئەندامو لێ قبوڵکردنی.

٢. لەدەستدانی ئەندام، مەرجێك لە مەرجەکانی پاڵاوتن بۆ ئەندامییەتی ئەنجوومەن بەزۆرینەی دووسێیەکی ئەندامان بڕیار لەسەر ئەمە دەدات.

٣. ئامادەنەبوونی ئەندام بۆ سێ دانیشتنی یەك لەوای یەك بەبێ عوزرێکی ڕەوا.

**ماددەی (٣١):**

ئەگەر یەکێك لە کورسییەکانی ئەنجوومەن چۆڵ بوو پاڵێوراوێکی تر لەهەمان لیستدا شوێنی دەگرێتەوە.

## پێنجەم: کۆنەکردنەوە

**ماددەی (٣٢):**

١. ئەندام بوون لە ئەنجوومەنو وەزیفەکانی گشتی هاوکات پێکەوە ئەنجام نادرێن، فەرمانبەری گشتی بە دەست لەکارکێشاوە دادەنرێ لە فرمانەکەی خۆی لەکاتی سوێند خواردنیەوە لەبەردەم ئەنجوومەنداو

پێویستە لەسەری سکرتاریەتی ئەنجوومەن لە هەڵوێستی وەزیفی خۆی ئاگاداربکاتەوە.

٢. نابێ ئەندامی ئەنجوومەن لەهەمان کاتدا ئەندامی ئەنجوومەنێکی هەڵبژێردراوی پەیوەست بە دائیرەو دەزگاکانی حکومەتی هەرێم بێت، پێویستە لەسەر ئەندام یەکێك لەو دوو ئەنجوومەنانە هەڵبژێرێ، لەماوەی هەشت ڕۆژدا لەمێژووی جاڕدانی هەڵبژاردنەوە، ئەگەر وای نەکرد حساب دەکرێ کە ئەندامییەتی ئەو ئەنجوومەنەی هەڵبژاردووەو هەردوو ئەنجوومەنەکەش بەم کارە ئاگادار دەکرێنەوە.

٣. ئەندام بۆی نییە بۆ خۆی یان بەهۆی یەکی ترەوە لەکاتی ئەندامییەتیدا گرێ بەند (عقد) لەگەڵ حکومەتی هەرێمدا ببەستێ هەروەها بۆی نییە ئەندامییەتیەکەی بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆی بەکاربهێنێ.

٤. هەموو ئەندامانی ئەنجوومەن بۆ کاری ئەنجوومەن تەرخان دەبن.

٥. ئەنجامدانی ئەرکیو کاری حزبایەتیو نەقابی، یان ڕێکخراوە جەماوەرییەکان بە ئەنجامدانی کاری وەزیفە یان کاری دەست ڕەنگینی یان پیشەیی دادەندرێ لەگەڵ مەبەستەکانی یاسایی هەڵبژاردنی ئەنجوومەندا هاودژ نییە.

## شەشەم/ دەست لەکارکێشانەوە

**ماددەی (٣٣):**

ئەندام دەست لەکارکێشانەوەکەی خۆی بەنووسین دەداتە سەرۆکی ئەنجوومەنو لەیەکەم دانیشتنندا دەخوێندرێتەوە.

**ماددەی (٣٤):**

ئەندامی دەست لەکارکێشاوە بۆی هەیە لەدەست لەکارکێشانەوەکەی خۆی پاشگەزبێتەوە ئەویش بە پێشکەش کردنی داواکارییەکی نووسراوە پێشکەشی سەرۆکی ئەنجوومەنی دەکا بەرلەوەی ئەنجوومەن پێی بزانێ.

**ماددەی (٣٥):**

بەرەزامەندی لەسەرکردنی زۆربەی ئەندامانی ئەنجوومەن دەست لەکارکێشانەوەکە کاریگەر دەبێ.

**ماددەی (٣٦):**

نابێ کارکەنار (مستقیل) بگەڕێتەوە ئەنجوومەن و تێهەڵچێتەوە.

## بەشی پێنجەم

## لیژنەکانی ئەنجوومەن

## یەکەم/ لیژنە هەمیشەییەکانی ئەنجوومەن

**ماددەی (٣٧):**

لیژنە هەمیشەییەکانی ئەنجوومەن لەیەکەم خولیدا کە دوای هەڵبژاردن دەبەسترێ پێکدەهێنرێن و لە پێکهێنانیاندا، ئارەزووی ئەندامان و پسپۆڕییان رەچاو دەکرێ.

**ماددەی (٣٨):**

لیژنە هەمیشەییەکان بەم شێوەیە پێك دێن:

١. لیژنەی کاروباری یاسا: ئەو مەسەلانە دەبینێ کە بۆی دەچن و مۆرکی یاساییان پێوەیە، هەروەها تایبەتمەندە بە داڕشتنی یاساکان و سەلامەتیان لەرووی یاسایی و زمانەوانییەوە و هەواڵەی ئەنجوومەنیان

دەکا تا گفتوگۆیان لەسەر بکرێ، زۆربەی ئەندامەکانی لەوانەن کە بڕوانامەی بەکالۆریۆسی زانکۆیان لەیاسادا هەیە.

٢. لیژنەی کاروباری داراییو ئابووری: هەموو ئەو کارانە دەبینێ کە پەیوەندیدارن بە بودجەی گشتی هەرێمو حسابکارییەکانی دوماهیو بودجەی ئەنجوومەنەوە، ڕاپۆرتی خۆی پێشکەش بە ئەنجوومەن دەکا دەربارەی هەر بەشێك لە بەشەکانی بودجەو هەر بابێك لە بابەکانی، بە بودجەی ئەنجوومەنیشەوەو، ئەوەی ئەنجوومەن پێی رادەسپێرێ لە کاروباری داراییو ئابووریو جسابکارییەکانی دوماهی.

٣. لیژنەی کاروباری ناوخۆ: ئیشی چاوگێڕانە بەکاروباری وەزارەتی ناوخۆدا لەو کارانەی پەیوەندارن بە بەڕێوەبردنی گشتی خۆجێیەتیو ئاسایشو پۆلیسو بەرگری مەدەنی.

٤. لیژنەی پیشەسازیو کاروباری کشتوکاڵو ئاودێریو نەخشەکێشانو پەرەپێدانو ئاوەدانکاری: ئیشی چاوگێڕانە بەو کارانەی پەیوەندارن بە دووبارە بەگەڕخستنەوەی کارگەکانو پەرەپێدانیانو نۆژەنکردنەوەی ژێرخانی ئابووری کوردستان- عێراقو بەرهەم هێنانی سامانە سروشتییەکانیو مەسەلەی وزەو پارێزگاری کردنی ژینگە، هەروەها لە کاروباری کشتوکاڵو چاککردنی کشتوکاڵو باغداریو دارستانەکانو بەیتاریو خاكو سەچاوە ئاوییەکانو ئاودێری دەنۆڕێ، هەروەها بەدوا داچوونی پەرەپێدانیو دەرسکردنی پلانی پێویست بۆ گەشەپێدانو ئاوەدانکردانکاریو ئاکنجی بوون لە کوردستاندا.

٥. لیژنەی ڕۆشنبیریو پەیوەندیەکان: ئەرکی ئەوەیە چاو بەکاروباری وەزارەتی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندندا بگێڕێ، هەروەها بەو کارانەی کە پەیوەندارن بە پەیوەندییەکانی ناوخۆو دەرەوەی ئەنجوومەن، هەروەها چاوگێران بە کاروباری ڕۆشنبیریو ئەدەبیو هونەریو کەلتووریو وەرزشو بڵاوکردنەوەی هۆشیاریی نیشتمانیو ئازادیخوازی لەگەڵ ڕەچاوکردنی تایبەتمەندی نەتەوەیی نەتەوەکان لە هەرێمی کوردستاندا.

٦. لیژنەی پەروەردەو فێرکردنی باڵا: کاروباری پەروەردەو فێرکردنو فێرکردنی باڵا لە کوردستان– عێراقدا دەبینێ، لەبارەی بەڕێوەچوونیان ڕای خۆی بۆ ئەنجوومەن دەردەبڕێ.

٧. لیژنەی خزمتگوزارییە گشتییەکانو تەندروستیو کاروباری کۆمەڵایەتی: چاودەگێڕێ بە هەرچی پەیوەندارە بە کاروباری شارەوانیو هاوینە هەوارەکانو ئاسەوارو خزمەتگوزارییەکانی ئاوو ئاوەڕۆکانو تەلەفۆنکاریو گواستنەوەو گەیاندن، هەروەها ئەو کارنە دەبینێ کە پەیوەندارن بە تەندروستی گشتیو دەزگاکانیو زامنکردنو چاودێری کۆمەڵایەتیو چاودێری کردنی دایکایەتیو منداڵێتیو کاروباری خێزانی شەهیدەکانو کەم ئەندامو ونبووەکانی بزاڤی ئازادی خوازی کوردستان.

٨. لیژنەی سکاڵاکانو مافەکانی **مرۆظ**: لە سکاڵاو داواکارییەکانی هاونیشتمانیان دەڕوانێ کە پێشکەش بە ئەنجوومەنیان کردووە، بەگوێرەی ئەو درێژە پێدانەی خوارەوە:

أ- سەرۆك ئەو داواکاریو سکالاّیانەی کە بۆ ئەنجوومەن هاتوون، بۆ لیژنەی سکالاّکانیان دەنێرێ تاتێیان بڕوانێ دوای ئەوەی لە تۆماری هاوردە (واردە)ی ئەنجوومەن تۆمار دەکرێت.

ب-ئەگەر سکالاّ بۆ یەکێك لە لیژنەکانی ئەنجوومەن ناردرابوو، بۆی دەنێردرێ تادەرسی بکا.

ج- لیژنە لەو سکالایانە ورد دەبێتەوە کە بۆی ناردراونو ڕاپۆرتێك پێشکەش بەئەنجوومەن دەکا دەربارەی ئەوەی کە دەبینێ پێویستە، دیدو بۆچوونی خۆشی لەبارەی سکالاّکەوە دەردەخا.

د- تا هەموو ڕێگای سەردانە ئسوسولییەکان تەواو نەبن نابێ داواکاریو سکالاّ پێشکەش بە ئەنجوومەن بکرێ.

هـ- دەسەلاّتی جێبەجێکردن لەسەریەتی لەماوەی یەك مانگدا بەلانی زۆریەوە، وەرامی ئەو داواکارییانە بداتەوە کە بۆی هەوالّە کراون تەنیا لەو بارەدانەبێ ئەگەر هۆیەکی بەرهەلّست بەدی کرا کە هەرگیز ناتواندرێ لەو ماوەیەدا وەرام بدرێتەوە.

و- ئەگەر بابەتی داواکارییەکەو، وەرامی دەسەلاّتی جێبەجێکردن کارێکی وای دروستکرد کە پێویستی بەڕای ئەنجوومەن هەبوو، لیژنە داوا دەکا کە بخرێتە بەرنامەی کارەوە.

ز- پێویستە خاوەنی داواکارییەکە لە ئەنجامی سکالاّکەی ئاگاردار بکرێتەوە.

ح- لیژنە لەسەریەتی کە خشتەیەکی مانگانەی تایبەت ڕێك بخاو پوختەی ئەو سکالاّیانەی کە تەماشاکراونو ئەنجامەکانیانی تێدا بنووسێ.

گ-هەوڵدان بۆ پاراستنی مافی مرؤظو بەرگری لێکردنی هەوڵدان لەپێناو لەبەرچاوگرتنی بەندەکانی پەیمانو بەڵێننامە دەوڵەتییەکان کە لەم بارەیەوە دەرچوون، هەروەها جاڕی گەردوونی مافی مرؤظ.

٩. لیژنەی ئەوقافو کاروباری ئیسلامی: ئیشەکانی ئەوقاف دەبینێو گرنگی بە شەریعەتو زانستو پیرۆزییەکانی ئیسلامو کاروباری مزگەوتەکان دەداتو ڕۆڵی مێژوویی دەنوێنێ بۆ پەروەردەکردنی گەلی کوردی موسڵمان.

١٠. لیژنەی کاروباری پێشمەگە: ئەو کارانە دەبینێ کە پەیوەندیدارن بە ئیشەکانی پێشمەرگەو یەکخستنی ڕێزەکانیەوە.

**ماددەی (٣٩):**

١. دەستەی سەرۆکایەتی، ئەندامان لەنێوان لیژنەکاندا دابەش دەکا، بەشێوەیەك بەگوێرەی توانا تایبەتمەندی ئەندامو ئارەزووی پێویستی لیژنەکان ڕەچاو بکرێ، ئەوجا مەسەلەکە دەخرێتە بەردەمی ئەنجوومەن بۆ رەزامەندی لەسەر کردنی، لەکاتێکدا گەر ئەنجوومەن رەزامەندی لەسەر لیژنەیەك نەکرد، هەڵبژاردنی دەکرێ.

٢. نابێ ئەندام لەیەك کاتدا ئەندام بی لەدوو لیژنەی هەمیشەییدا، هەروەها نابێ ئەندام بێ لە ئەنجوومەنی وەزیرانو لەهەمان کاتیشدا ئەندام بێ لە لیژنە هەمیشەییەکانی ئەنجوومەندا.

٣. لیژنە هەمیشەییەکان لەژمارەیك پێك دێت کەلە حەوت ئەندام کەمتر نەبنو لە یانزەش زیاتر نەبن، هەر لیژنەیەکیش لەنێو خۆیدا سەرۆكو جێگرو بڕیاردەرێك بۆخۆی هەڵدەبژێرێ.

٤. لە کۆبوونەوەی لیژنەکاندا (نصاب) بە ئامادەبوونی زۆرینەی ئەندامەکانی تەواو دەبێ، بەمەرجێك سەرۆكو جێگرەکەی لەنێوان ئامادەبووەکاندا بن، بڕیارەکانیشی بەزۆرینە دەدا.

٥. لیژنە لەسەر داواکاری سەرۆکەکەی کۆدەبێتەوە، ئەندامەکانیشی لەڕێگای بڕیاردەرەکەیەوە بانگهێشت دەکرێن.

٦. دەکرێ کۆبوونەوەی هاوبەش لەنێوان دوو لیژنە یان زیاتر ئەنجام بدرێ بۆ چاوگێران بەو بابەتانەی کە پێویست بەو کارە دەکەن ئەو کاتەش بەتەمەنترین سەرۆکی لیژنەکانو بەتەمەنترین جێگر یان بەتەمەنترین بڕیاردەریان دەبنە سەرۆكو جێگرو بڕیاردەر بۆ ئەو کۆبوونەوە هاوبەشە.

٧. نابێ ئەندام، سەرۆك یان جێگری سەرۆك یان بڕیاردەری پتر لە لیژنەیەك بێت.

**ماددەی (٤٠):**

١. لیژنە بۆی هەیە کە پەنا بباتە بەر هەر ئەندامێك لە ئەندامانی ئەنجومەن یان هەر شارەزایەك یان پسپۆڕێك لە غەیری ئەندامانی ئەنجومەن بۆ ئەوەی گوێ لە ڕایەکانیان بگرێ یان پەنایان بۆ ببرێ بەبێ ئەوەی مافی دەنگدانیان هەبێ.

٢. بۆ هەر ئەندامێك لە ئەندامانی ئەنجومەن هەیە کە ئامادەی کۆبوونەوەکانی هەر لیژنەیەك ببێ لە لیژنە هەمیشەییەکان دوای ئەوەی ڕازامەندی سەرۆکەکەی وەردەگرێ، ئەو کاتەش دەتوانێ ڕای خۆی دەربڕێ بێ ئەوەی بەشداری دەنگدان بکا.

**ماددەی (٤١):**

١. ئەندامانی ئەنجوومەنی وەزیران لەلایەن سەرۆکی ئەنجوومەن‌و لەڕێگەی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانەوە بانگهێشت دەکرێن بۆ ئامادەبوون لە کۆبوونەوەی لیژنەکان، ئەو پەڕی لەماوەی سێ ڕۆژدا لەمێژووی ناردنی بانگهێشتنەکەوە بۆیان.

٢. ئەوانەی پلەی وەزیریان هەیە لەلایەن سەرۆکی ئەنجوومەنەوە بانگهێشت دەکرێن، بەڵام کارنامە گشتییەکان لەلایەن سکرتێرەوە بانگهێشت دەکرێن.

٣. سەرۆکی وەزیران یان هەر وەزیرێك کە ئەو دەیەوێ هەر پانزدە ڕۆژ جارێك لە کۆبوونەوەی ئەنجوومەندا ئامادەبێ دەبێ.

**ماددەی (٤٢):**

١. لیژنە هەمیشەییەکان مافی ئەوەیان هەیە کە لەڕێگەی جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنەوە لە فەرمانگە رەسمییەکان‌و رێکخراوە جەماوەری‌و پیشەییەکان داوابکەن کە زانیاری پێویستیان پێ بدەن بۆ دەرس کردنی ئەو بابەتانەی کە خراونەتە بەردەمیانەوە.

٢. ئەگەر ئەو لایەنانەی کە لە بڕگەی سەرەوەدا ناویان براوە بەرهەڵستیان کرد لە زانیاری دانی پێویست بە لیژنە هەمیشەییەکان، ئەو کاتە سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران لە ڕێگەی سەرۆکی ئەنجومەنەوە بەم کارە ئاگادار دەکرێتەوە.

لەکاتی وەڵام نەدانەوەی داواکارییەکە لەماوەی پانزدە ڕۆژدا بابەتەکە لە ئەنجوومەن دەخرێتە ڕوو بۆ یەلکلاکردنەوە.

**ماددەی (٤٣):**

لەدانیشتنی لیژنەکاندا حوکمی تایبەت بە ئامادەبووان لەسەر بەشداربوون پیادە دەکرێ لە دانیشتەکانی ئەنجوومەن کە لە ماددە (٢٥)ی پەیڕەوی ناوخۆدا هاتووە.

**ماددەی (٤٤):**

ئەگەر شوێنی ئەندامێکی یەك لە لیژنەکان چۆڵ بوو بە گوێرەی ئەو ڕێگا دیاری کراوەی کە لەم پەیڕەوەدا هاتووە ئەندامێکی تر دەپاڵێوێ.

**ماددەی (٤٥):**

١. سەرۆك بابەتەکان بە تێکڕای بەڵگەنامەو پاشکۆکانییەوە هەواڵەی لیژنەکان دەکات، بۆ ئەندامانی ئەنجوومەنی وەزیران هەیە ئامادەی دانیشتنەکانی بن بەبێ ئەوەی مافی دەنگدانیان هەبێ.
٢. لیژنە کۆنووسی دانیشتنەکانی خۆی ڕێك دەخاو ناوی ئەندامانی ئامادەبوو وئامادەنەبووو ئەو گفتوگۆیانەی کە تێیدا دەکرێن جێگیر دەکا، بڕیارەکانیشی بەزۆرینە دەدا، لەکاتی یەکسانی دەنگەکاندا بەولایە دادەلەنگێ کە سەرۆکی تێدایە.

**ماددەی (٤٦):**

ئەگەر پڕۆژە یان پێشنیار لە تایبەتمەندیی زیاتر لە لیژنەیەك بوو سەرۆکی ئەنجوومەن بۆی هەیە لیژنە پەیوەندیدارەکان بۆ کۆبوونەوەیەکی هاوبەش لەنێوانیاندا بانگ هێشت بکات بە سەرۆکایەتی خۆی یان جێگرەکەی بۆ

دەرس کردنیو دانانی یەك ڕاپۆرت لەو بارەیەوە، بەڵام گەر هەر لیژنەیەك بەتەنیا دەرسیان کردبوو سەرکردایەتی جیاوازیی لەدەقە پێشنیار کراوەکاندا بینی کە دەبێتە هۆی ئاڵۆزی لە گفتوگۆو دەنگدان لە ئەنجوومەندا، پێویستە کۆبوونەوەی لیژنە تایبەتمەندەکان بەیەك لیژنەی تایبەتمەند بکرێ، بەسەرۆکایەتی سەرۆکی ئەنجوومەن یان جێگرەکەی بۆ دووبارە دەرس کردنیو دانانی راپرۆتێکی یەکگرتوو لەبارەیەوە.

بۆ سەرۆکی ئەنجوومەن هەیە کە بەقەناعەتی خۆی یان لەسەرداوای بەلانی کەمەوە پانزدە ئەندام هەر بابەتێك بخاتە ڕووی لیژنە هاوبەشەکانەوە، بۆ لیژنەکان هەیە پێشنیار، یان ڕێنمایی پێویست دەربهێنن.

## دووەم/ لیژنە کاتییەکانو لیژنەکانی توێژینەوە

**ماددەی ( ٤٧ ):**

ئەنجوومەن بۆی هەیە چەند پێویست بکا، لیژنەی کاتیو لیژنەی لێ پرسینەوە بەپێی ئەو باسانەی دەخرێنە بەردەمی پێك بهێنێ.

**ماددەی ( ٤٨ ):**

أ- بەرەزامەندی زۆرینەی ئامادەبووان لەئەنجوومەندا لیژنە تایبەتییەکانو لیژنەکانی توێژینەوە پێك دەهێنرێن، لەسەر پێشنیاری دەستەی سەرۆکایەتی.

ب-لەکاتی پشووی ئەنجوومەندا لیژنەکانی توێژینەوە لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە پێك دەهینرێن.

**ماددەی ( ٤٩ ):**

١. لیژنەی توێژینەوە، دەسەڵاتی گەڕان بەدوای ڕاستییەکاندا هەیە لەهەموو ئەوانەی کە خراونەتە بەردەمی، بۆ ئەو مەبەستەش بۆی هەیە کە پەنا بباتە بەر شارازاکانیو بانگی هەر کەسێك بکا تاگوێ لە قسەکانی بگرێ بەگوێرەی ئەوەی کە لەم پەیڕەوەدا هاتووە، هەروەها بۆی هەیە ئاگاداری هەر شتێك بێ کە پەیوەندارە بەو بابەتانەی کە خراوەتە بەردەستی دوای رەزامەندی لایەنە پەیوەندارەکان.

٢. لەبارێکدا ئەو کەسەی داواکراوە کە ئامادەبێو نەهات دوای ئەوەی کە بەنووسین بانگ هێشت کرا، لێتۆژەرەوەکان بۆیان هەیە داوا لەسەرۆکایەتی ئەنجوومەن بکەن کە داوا لەدەسەڵاتی دادوەری بکا داوای گشتی (الدعوی العامە)ی لە دژی بخەنەکار.

**ماددەی (٥٠):**

لیژنەی لێ پرسینەوە ڕاپۆرتی خۆیو ئامۆژگارییەکانی دەخاتە بەردەم سەرۆكو ئەویش دوای دابەشکردنی ڕاپۆتەکە بەسەر ئەندامانداً، دەیخاتە بەردەم ئەنجوومەن.

## بەشی شەشەم

## کاربەڕێوەچوون لە ئە نجوومەندا

## یەکەم/ ڕێکخستن لەناو ئە نجوومەندا

**ماددەی ( ٥١ ):**

سەرۆك بەم شێوەیە کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەن دەست پێدەکا:

(بەناوی خودای بەخشندەو میهربان... کۆبوونەوەکەمان بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێدەکەین).

کۆبوونەکانیش دەبێ لەکاتی دەستنیشانکراویانداو بە ئامادەبوونی زۆربەی ئەندامان بێ.

بەڵام ئەگەر زۆربە ئامادەنەبوون، سەرۆك کۆبوونەوەکە بۆ کاتێ:ی تر دوا دەخا.

**ماددەی ( ٥٢ ):**

دانیشتنی ئەندامان لەکاتی کۆبوونەوەدا وەها ڕێکدەخرێ کە هەریەکەو ژمارەیەکی تایبەتی خۆی بەپێی پیتەکانی هیجا دەدرێتێ.

ئەم ڕێکخستنەش لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە ساز دەکرێ.

**ماددەی ( ٥٣ ):**

١. بۆ ئەندامانی ئەنجوومەنی وەزیران هەیە کە ئامادەی دانیشتەنەکانی ئەنجوومەن بنو بەشداری لە گفتوگۆکانیدا بکەن، هەر کام لەوانە لە ئەنجوومەندا ئەندام نەبێ بەشداری لە دەنگداندا ناکاو بۆیان هەیە گەورە کارمەندانی وەزارەتەکانیان لەگەڵ خۆیاندا بهێننو بۆ ئەوەی بە مۆڵەتی سەرۆك پەنایان بۆ بەرن بەبێ ئەوەی مافی قسەکردنیان هەبێ.

٢. هەر هاونیشتمانییەك‌و ئەوانەی كە لەبواری راگەیاندندا كاردەكەن مافی ئەوەیان هەیە ئامادەی دانیشتنەكانی ئەنجوومەن بن بە ئاگاداری دەستەی سەرۆكایەتی‌و بەمۆڵەت دان لەلایەن سەرۆكەوە.

## دووەم/ نەخشتەی كاری ئەنجوومەن

**ماددەی ( ٥٤ ):**

**یەكەم:**

١. هیچ دانیشتنێك بەبێ بەرنامەی كاری پێش وەخت نابەسترێ.

٢. دەستەی سەرۆكایەتی بەرنامەكە ڕێك دەخەن‌و سكرتارییەت ڕاستەوخۆ ئەندامەكانی ئاگاداردەكات.

٣. نابێ هیچ بابەتێك بخرێتە ڕووو گفتوگۆ بكرێ كە لە بەرنامەی كاردانەوەی نەهاتبێ.

٤. پاش ئەوەی سەرۆكایەتی كردنەوەی دانیشتنەكە ڕادەگەیەنێ ناوی ئەندامە ئامادەنەبووەكان دەخوێندرێتەوە، هەروەها ناوی ئەوانەی بەبێ عوزرێ:ی ڕەوا ئامادەنەبوون، ئەوجا پوختەیەكی مەحزەرەی دانیشتنی رابردوو دەخوێندرێـەوەو مەحزەرەكە دوای ئەو راست كردنەوەی كە سەرۆكایەتی بڕیاری لەسەر دەدا راستەوخۆ یان لەسەر داوای یەكێك لە ئەندامان دەسەلمێنرێ.

٥. بەندەكانی بەرنامەی كار بەگوێرەی ئەو زنجیرەیەی كە لەبەرنامەدا هاتووە گفتوگۆیان لەسەر دەكرێ بەندێكی تازە گفتوگۆی لەسەر ناكرێ تا بەتەواوی لە گفتوگۆی بەندی رابردوو نەبنەوە، نابێ بەندەكانی بەرنامەپاش‌و پێش بكرێت بەرەزامەندی زۆرینەی

ئامادەبووان نەبێ. ئەگەر نەتواندرا گفتوگۆ دەربارەی بەندێك تیایدا تەواوبکرێ بەهەر هۆیەکەوە بێ دەستەی سەرۆکایەتی بۆی هەیە سەیرکردنی ئەو بەندە دوابخا بۆ دانیشتنی داهاتووو گفتوگۆ لەسەر بەندەکانی دوای ئەوبکا.

٦. سەرۆکی فراکسیۆنی پەرلەمان بۆی هەیە داوا بکا بابەتێکی تازە بەرلە (٢٤) سەعات لەکاتی گرێدانی دانیشتندا بخرێتە بەرنامەی کارەوە، بەمەرجێك بابەتەکە گشتیو کتو پڕو بەپەلەبێ.

**دووەم:**

١. هەر لیژنەیەك بۆی هەیە لە دیاردەیەك یان بارێکی گشتی بکۆڵێتەوەو، دەرسی بکا داوا لە دەستەی سەرۆکایەتی بکا، کە لە ئەنجوومەن بیخەنە ڕوو بۆ گفتوگۆ لەسەر کردنی، بەئامادەبوونی سەرۆك وەزیران یان وەزیری تایبەتمەند.

٢. هەر دە ئەندام مافی ئەوەیان هەیە کە داوا بکەن گفتوگۆی بابەتێکی گشتی بخرێتە بەرنامەی ئەنجوومەنەوە، بە ئامادەبوونی سەرۆك وەزیران یان وەزیری تایبەتمەند.

٣. لەکاتی ڕازی نەبوونی دەستەی سەرۆکایەتی بۆ ئەوەی بابەتەکە لە ئەنجوومەن بخەنە ڕوو و، لیژنە یان ئەندامانیش وازیان لە داواکارییەکەی خۆیان نەهێنا، داواکارییەکە دەخرێتە بەردەم ئەنجوومەن تا بیبڕێنێتەوە.

٤. هەر ئەندامێك مافی ئەوەی هەیە کە داوا لەدەستەی سەرۆکایەتی بکا کە بیرۆکەیەك بخاتەڕوو بۆ ئەوەی لەلایەن حکومەتەوە خودان بکرێت.

## سێیەم/ سیستمی گفتوگۆکردن لە دانیشتندا

**ماددەی (٥٥):**

١. ئەندام بەمۆڵەتی سەرۆك لەدانیشتندا قسەدەکات.

٢. داواکارییەکان بۆ قسەکردن تۆماردەکرێن لەگەڵ چاودێری کردنی پێشکەش کردنیان بەزنجیرەو بۆ مۆڵەت پێدان چاودێری ئەو کەسانە دەکرێ کە پێشتر داوای قسەکردنیان کردووە.

**ماددەی (٥٦):**

١. ئەندام قسەکانی رووبەرووی سەرۆك دەکاو، وتەبێژ لەشوێنی خۆیدا رادەوەستێ، یان لەسەر ئەو سەکۆیە دادەنیشێ کە بۆ ئەو مەبەستە ئامادەکراوەو، نابێ قسەکانی خۆی یان هی ئەندامانی خۆی دووبارەبکاتەوە کە پێش ئەو قسەیان کردووە، نابێ لەبابەتەکە دەرچێو دووجار لەسەر یەك بابەت قسەبکا، مەگەر داوا لەسەرۆك بکا، گەر وای نەکرد سەرۆك بۆی هەیە وریای کاتەوە بۆ پیادەکردنی حوکمەکانی ئەو پەیڕەوە.

٢. نابێ بگەڕێتەوە بۆ گفتوگۆکردنی ئەو بابەتانەی کەیەك لاکراونەتەوە.

**ماددەی (٥٧):**

ئەگەر یەکێك لە ئەندامانی دەستەی سەرۆکایەتی ویستی پرسیارێك یا پرسینەوەیەك لەسەرۆك یا یەکێك لە ئەندامانی ئەنجوومەنی وەزیران بکا، دەبێ شوێنی دەستەی سەرۆکایەتی جێ بێڵێو بچێ لەو شوێنەدا دابنیشێ کە لەناو هۆڵی کۆبوونەوەدا بۆی تەرخان کراوە.

**ماددەی (٥٨):**

کاتی هەر بەندێ لەبەندەکانی بەرنامەی کار دەست بە گفتوگۆکردنی دەکرێ، سەرۆك داوا لە خوازیارانی قسەکردن دەکا کە خۆیان ناونووس بکەن. ئەوسا بەپێی زنجیرەی ناونووس کردنەکە، دەست بەلێدوان دەکرێ.

## چوارەم/ بەرزەفتی کردن (الانظباط)

**ماددەی (٥٩):**

سەرۆکی ئەنجوومەن لەکاتی کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەندا، هەر سەرپێچییەك لەلایەن هەر ئەندامێکەوە بکرێ کە دەشێ کار بکاتەسەر بەڕێوەچوونی کۆبوونەوەکە، یا قسەی نابەجێی بەرامبەر بەئەنجوومەنو دەستەی سەرۆکایەتیو هەریەکی لە ئەندامان لێ بیست، ئەوا بەم شێوەیەی لای خوارەوە کرداری لەگەڵدا دەکرێ:

١. بەبیر ئەندامەکە دەخرێتەوە کە ڕێكو پێکی دانیشتنەکە بپارێزێت.
٢. ئەگەر ملی نەداو هەر بەردەوام بوو سەرۆك وریای دەکاتەوە (تنبیه). ئەنجامەکەشی بریتی دەبێ لەلادانی قسەکانی لە کۆنووسەکەدا.
٣. ئەگەر ئەمجارەش هەر ملی نەداو بەردەوام بوو، سەرۆك بۆی هەیە دوای وەرگرتنی بڕیاری زۆربەی ئەندامان، لەکۆبوونەوەکە بێ بەشی بکا.

**ماددەی (٦٠):**

ئەگەر ڕێكوپێکی شێواو سەرۆك نەیتوانی بیباتەوە دۆخی ئاسایی، کۆبوونەوەکە ڕادەگرێ. ئەگەر ئەمەش سوودی نەبوو، دوای دەخا.

## بەشی حەوتەم

## پرسیارو پرسینەوە

**ماددەی ( ٦١ ):**

پرسیار تەنیا بۆ تێگەیشتنی ئەندامە لەکارێك کە نایزانێ یان ئارەزووی هەیە لە بوونی ڕووداوێك بتۆژێتەوە کە زانیویەتی.

**ماددەی ( ٦٢ ):**

هەر ئەندامێك بۆی هەیە پرسیارەکان بەنووسین یان بەزار لەڕێگەی سەرۆکی ئەنجوومەنەوە ڕووبەڕووی دەسەڵاتی جێبەجێکردن بکات.

**ماددەی ( ٦٣ ):**

١. پێویستە پرسیار کورت بێو تیشك بخاتە سەر ئەو ڕووداوانەی کە پێویستە ڕوونبکرێنەوە، تەعلیق لێدانی تێدانەبێو بابەتی پرسیارەکە نەخارێتە بەردەمی دادگا، وناوی خەڵکی تێدانەهاتبێ بەمەبەستی دەست تێوەردان لە کاروباری تایبەتیاندا.
٢. پرسیارو پرسینەوەکان بەکۆتایی خولی گرێدانی ئاسایی لەکاردەکەونو دەکرێ لەخولی داهاتوودا تازە بکرێنەوە، هەروەها لەکاتی دەست لەکارکێشانەوەو دەست پێ لەکارکێشانەوەی ئەنجوومەنی وەزیراندا لەکاردەکەون.

**ماددەی ( ٦٤ ):**

١. پرسیاری نووسراوە ڕووبەڕووی سەرۆك دەکرێ ئەویش هەواڵەی لایەنی تایبەتمەندی دەکا دوای ئەوەی پوختەکەی دەخاتە ناو بەرنامەی کاری ئەو دانیشتنەی کە دوای پێشکەش کردنی پرسیارەکە دەبسترێ.

٢. هەر ئەندامێك بۆی هەیە کەی ویستی پرسیاری زارەکی (شفهی) بکاو، بۆ سەرۆك نییە کە لەسێ پرسیار زیارت وەربگرێ تا بتواندرێ بەسەر دانیشتنەکەدا دابەش بکرێ، لەو کەسەی کە پرسیاری کردووە بترازێ کەسی تر نابێ بەشداری گفتوگۆ کردن بکاو بۆی نییە لە دە دەقیقە زیاتر قسە بکا. ئەگەر ئەوەندە کاتە بەشی نەکرد دەتوانێ پرسیاری نووسراو پێشکەش بکا، دەسەلآتی جێبەجێکردن بۆی هەیە دەستبەجێ وەلآم بداتەوە یان وەلآمەکە بۆ دانیشتنی داهاتوو دوابخات.

**ماددەی (٦٥):**

سەرۆك یان ئەندامی ئەنجوومەنی وەزیران بۆیان هەیە دەست بەجێ دوای خوێندنەوەی وەرامی پرسیاری نووسراوە بدەنەوە یان بەنووسین لەماوەی پانزدە ڕۆژدا لەمێژووی بەدەست گەیشتنیانەوە وەرام بدەنەوە.

**ماددەی (٦٦):**

وەلآمی دەسەلآتی جێبەجێکردن دوای گەیشتنی لەیەکەم دانیشتندا دەخوێندرێتەوە، ئەگەر ئەوەی پرسیاری کردووە بەوەرامەکە قایل بوو، یان ئامادەنەبوو، غەیری ئەویش پرسیارەکەیان خودان نەکرد، بابەتەکە وادادەنرێ کە کۆتایی پێ هاتووە.

**ماددەی (٦٧):**

ئەگەر حکومەت لە دەرفەتی یاساییدا (المهلة القانونية) وەرامی پرسیاری ئەندامەکەی نەدایەوە بۆ ئەمەی دوایی رەوایە هەواڵەی پرسینەوەی بکاو چ پەیڕەو کراوە لە پرسینەوەکاندا ئەویش ئەو ئوسولە پەیڕەو بکات.

**ماددەی (٦٨):**

پرسینەوە پێك هاتووە لەداواکردن لەدەسەڵاتی جێبەجێ‌کردن کە هۆیەکانی هەڵس‌و کەوتی خۆی یان مەبەستی لەکارێکدا روون بکاتەوە بەبێ ئەوەی ئارەزووی خۆتێکەڵ کردن بەکاروباری دەسەڵاتی جێبەجێکردنی تێدابێ.

**ماددەی (٦٩):**

١. هەر ئەندامێك ویستی پرسینەوە لە ئەندامێ:ی دەسەڵاتی جێبەجێکردن بکا دەبێ پرسینەوەکەی بەشێوەی نووسین بێ.

٢. سەرۆکی ئەنجوومەن پرسینەوەکە بەدەسەڵاتی جێبەجێکردن رادەگەیەنێ دوای ئەوەی دەیخاتە نەخشتەی کاری یەکەم دانیشتنەوە کە لەدوای پێ راگەیاندنەکەدا دەبەسترێت، وەکاتی گفتوگۆ کردنەکەش دوای هەفتەیەك دیاری دەکرێت، لەو بارە دانەبێ گەر ئەنجوومەن پەلەی بێ‌و ئەندامی دەسەڵاتی جێبەجێکردنیش رەزامەندی بۆ کردبێ.

**ماددەی (٧٠):**

گەر گفتوگۆ کردن لەسەر پرسینەوە بەدەنگدان کۆتایی پێ هات دەنگدانەکەش بووە هۆی ڕەفزکرنی پرسینەکە وادادەنرێ مەسەلەکە کۆتایی پێ هاتووە لە کاتێکیشدا گەر ئەنجوومەن بەدوو سێیەکی ژمارەی ئامادەبووان پشتگیری پرسینەوەکەی کرد ئەم پشتگیرییە بەبەخشین دادەنرێ لەپلەوپایەکانی ئەو کەسەی کەلێی دەپرسرێتەوە بەگوێرەی یاسا.

## بەشی هەشتەم

## یاسادانان

**ماددەی ( ٧١ ):**

١. ئەنجوومەنی وەزیران یان ژمارەیەك لە ئەندامانی ئەنجوومەن کە لەدە کەس کەمتر نەبن بۆیان هەیە پێشنیاری پڕۆژەی یاساو بڕیارەکان بکەن، ئەنجوومەن گفتوگۆ لەسەر پڕۆژەی یاساو بڕیارەکان ناکا تا لیژنەی تایبەتمەند نەیان بینێ، هەر پرۆژەیەك رەفزی بکات لەماوەی هەمان خولی گرێداندا پێشکەش ناکرێتەوە.

٢. پڕۆژەکانی یاساو بڕیارەکان کە بۆ ئەنجوومەن دێن لەگەڵ هۆکارە پێویستەکاندا بەسەر ئەندامان دابەش دەکرێن‌و پوختەکانیان لەیەکەم دانیشتندا دەخوێندرێتەوە بەبێ گفتوگۆ کردن، ئەوجا هەواڵەی لیژنەی تایبەتمەند دەکرێت[2].

٣. لیژنەی تایبەتمەند بەدەرس کردنی پڕۆژەی یاسا هەڵدەستێ، پێشنیارو رێنماییەکانی خۆی دەربارەی نیشاندەدا بەهاوهەنگی لەگەڵ لیژنەی کاروباری یاسادا.

٤. راپۆرتێکی هاوبەش لەهەردوو لیژنەکەوە بەرزدەکرێتەوە دوای دارشتنی لەلایەن لیژنەی یاساوە ئەویش دوای دەرۆژ لەمێژووی هاتنی بۆ هەردوو لیژنەکە، ئەگەر داوایان لێنەکرێ کە بەشێوەیەکی بەپەلە سەیری بکەن، لەو کاتەشدا لەماوەی پێنج رۆژدا پێشکەش دەکرێ.

---

[2] ئەم برگەیە بەگوێرەی هەموارکردنی دووەمی ساڵی ١٩٩٨ خرایە سەر پەیرەو، ئەوجا بە پێی هەموارکردنی سێیەمی ساڵی ١٩٩٨ دیسان هەموارکرا.

**ماددەی ( ٧٢ ):**

١. پرۆژەی یاسا پێشنیار کراوەکە لەگەڵ ڕاپۆرتی هەردوو لیژنەکەدا لەلایەن سکرتێرەوە بەسەر هەموو ئەندامانددا دابەش دەکرێ.

٢. دوای دابەش کردنی ڕاپۆرتەکە، سەرۆك پرۆژەکەو ڕاپۆرتەکە لەیەکەم کۆبوونەوەدا دەخاتە بەردەم ئەنجومەن.

٣. ئەنجومەن دەست بەگفتوگۆ لەسەر ڕاپۆرتی هەردوو لیژنە سەبارەت بە پرۆژەکە دەکا، ئینجا دێتە سەر گفتوگۆ کردن لەسەر پرۆژەکە خۆیو ئەگەر بڕیار لەسەر بنەماکانی درا ئەوسا دەنگ لەسەر یەك بەیەکی ماددەکانی دەدرێ.

**ماددەی ( ٧٣ ):**

ئەنجومەن بەپەلە سەیری پرۆژەو بڕیارەکانی تایبەت بە بودجەو زێدە ئیعتیمادەکانو دوا ژمێرکاری دەکا، وەبۆی هەیە هەر بارێکی تر بەکاری بەپەلە دابنێ.

**ماددەی ( ٧٤ ):**

دوای گوێ گرتن لەقسەی دواکەس لەوانەی خۆیان بۆ قسەکردن ناونووس کردبوو، سەرۆك دەرگای گفتوگۆ دادەخاو یاسەکە دەخاتە دەنگدانەوە.

**ماددەی ( ٧٥ ):**

١. دەنگدان بەئاشکراو بەدەست بەرزکردنەوە دەبێ، ئەگەر گومان لە بەدی هاتنی زۆرینە لە دەنگداندا کرا، دەنگدانەکە لەشێ،ەی خوێندنەوەی ناوی ئەندامدا دووبارە دەکرێتەوە.

٢. ئەگەر دەنگەکان وەك یەگ کەوتنەوە، ئەو لایە سەردەکەوێ کە دەنگی سەرۆکی لەگەڵدا دەبێ، بەمەرجێ ئەو دەبێ دوا کەس بێ دەنگ بدا.

**ماددەی (٧٦):**

دەنگدان لەم حاڵەتانەدا بەنهێنی دەبێ:

١. باوەر سەندنەوە لە ئەنجوومەنی وەزیران یا لەیەکێ لە ئەندامانی.
٢. نەمانی مەرجەکانی ئەندامەتی لەیەکێ لەئەندامانی ئەنجوومەندا.
٣. ڕێدانی ئەنجوومەن بەگرتنی یەکێ لە ئەندامانی، لەسەر داواکردنی دەسەڵاتی دادوەری.
٤. ئەگەر دەستەی سەرۆکایەتیو بەبڕیاری زۆربەی ئامادەبووانو وەهایان بەباش زانی.

**ماددەی (٧٧):**

١. یاساو بڕیار بەزۆربەی دەنگی ئامادەبووان دەردەکرێن، جگە لەو حاڵەتانەی زۆرینەیەکی تایبەتییان پێدەوێ.
٢. سەرۆك بەپێی ئەنجامی دەنگدان، بڕیاری ئەنجوومەن بە (بەڵێ) یا بە (نەء) ڕادەگەیەنێ.

**ماددەی (٧٨):**

یاساو بڕیارەکان لەلایەن سەرۆکی ئەنجوومەنەوە لەماوەی دە ڕۆژ لەمێژووی بەدەست گەیشتنەوە دەردەهێندرێ، بۆی هەیە لەنێوان ئەو ماوەیەدا داوابکا کە چاو بەپرۆژەی یاسا یان بڕیارەکە یان هەندێ لەبەشەکاندا بگێردرێتەوە، ئەگەر ئەنجوومەن لەسەر ڕایەکەی خۆی پێی داگرت وادادەنرێ کە یاساکە کۆتایی پێ هاتووەو دەبێ دەربهێنرێ.

# بەشی نۆیەم

# بودجە

**ماددەی ( ٧٩ ):**

یەکەم/ بودجە لەسەرەتای تشرینی یەکەم پێش ساڵی دارایی دەگاتە ئەنجوومەن.

دووەم/ پرۆژەکانی یاسای بودجەی گشتیو حسابکاری دوماهی ساڵێك کە گەیشت هەواڵەی لیژنەی داراییو ئابووری دەکرێ بۆ لێ وردبوونەوەیانو گفتوگۆکردنیان.

**ماددەی ( ٨٠ ):**

لیژنەی داراییو ئابووری ڕاپۆرتی خۆی دەربارەی پرۆژەی یاسای بودجەی گشتیو حسابکاری دوماهی لەماوەیەکدا پێشکەش دەکا کە لە (٣٠) سی ڕۆژ تێپەڕناکا، لەمێژووی هەواڵەکردنی پرۆژەکەوە بۆی.

**ماددەی ( ٨١ ):**

هەر لیژنەیەك بۆی هەیە تێبینیەکانی خۆی بۆ لیژنەی دارایی لەڕێگای سەرۆکەوە دەربڕێ دەرباەی ئەو بەشەی کە بەتایبەتمەندی ئەوەوە پەیوەندارە لەنێوان بودجەی گشتیو حسابکاری دوماهیدا.

**ماددەی ( ٨٢ ):**

١. ڕاپۆرتی لیژنەی داراییو ئابووری بەسەر ئەندامانداا دابەش دەکرێ. نابێ تادواڕۆژ بەسەر دابەشکردنیا ڕەت نەبێ لەلایەن ئەنجوومەنەوە دەست بە گفتوگۆ لەسەر کردنی دەکرێ.

٢. ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی‌و ئابووری ئاماژە بۆ ئەو تێبینی‌و پێشنیارانە دەکات کە لیژنەکان دەربارەی پڕۆژەی بودجە پێشکەشیان کردووە لەگەڵ ئەو ئاکامەی کە پێی گەیشتوون.

**ماددەی ( ٨٣ ):**

١. پێشنیاری زیادکردنی خەرجی یان هێنانەکایەی خەرجی نوێ یان دابەزاندنی داهات قەبووڵ ناکرێ، ئەگەر پێشنیارکراوەکە ڕێگەی ئەنجامدانی پێشنیارەکە روون نەکاتەوە.

٢. دەکرێ ئەنجوومەن پشت پێ بەستەکان (الاعتمادات) لە پڕۆژەی بودجەدا دابەزێنێ یان هەڵوەشێنێتەوە، هەروەها بۆی هەیە ئەو پشت پێ بەستانە لەماددەیەکەوە بۆ ماددەیەکی تر یان لە فەسڵێکەوە بۆ فەسڵێکی تر یان لە بەشێکەوە بۆ بەشێکی تر یان لە بابەتێ:ەوە بۆ بابەتێکی تر راگوێزێ.

٣. دوای کۆتایی هاتن بە گفتوگۆکردن و بڕیاردان لەسەر پڕۆژەی بودجە ئەنجوومەن بۆی هەیە بڕیار لەسەر پڕۆژەی یاسای هێنانەکایەی خەرجی نوێ بدا.

**ماددەی ( ٨٤ ):**

ڕاپۆرتەکە بەشێوەیەکی گشتی گفتوگۆی لەسەر دەکرێ پێش چوونەسەر گفتوگۆکردنی بابەتەکانی تری بودجەو بڕیاردان لەسەر بەندەکانی.

**ماددەی ( ٨٥ ):**

پاش گفتوگۆکردن لەسەر ڕاپۆرتەکە بەشێوەیەکی گشتی ئەنجوومەن دەنگ لەسەر دەست پێکدرنی گفتوگۆی بودجە دەدا.

**ماددەی ( ٨٦ ):**

یەکەم جار ئەنجوومەن دەست دەکا بە گفتوگۆکردن لەسەر خەرجییەکان، دوایی دەچێتەسەر بودجەی داهاتەکان، ئەوجا دەست دەکا بەبڕیاردان لەسەر یاسای بودجە.

**ماددەی ( ٨٧ ):**

لیژنە بەشەکانی بودجە دەخاتەڕوو بۆ گفتوگۆکردنی بەش بەشی بەشەکانیو پێشنیارکردنی بەند بەبەندی بەندەکانی.

**ماددەی ( ٨٨ ):**

ئەنجوومەن بودجەیەکی تایبەتی خۆی دەبێت، کە لەناو بودجەی گشتیی کوردستاندا دەبێت.

**ماددەی ( ٨٩ ):**

دەزگای ژمێریاری لە ئەنجوومەندا لە کۆتایی هەر ساڵێکی داراییدا، دوا حسابی خۆی دادەنێتو دەیخاتە بەردەم سەرۆك بۆ ڕەزامەندی لەسەر کردنیو هەواڵەکردنی بۆ لیژنەی کاروباری داراییو ئابووری بۆ پێداچوونەوەو پێشکەش کردنی ڕاپۆرتێك لەم بارەیەوە بۆ ئەنجوومەن.

## بەشی دەیەم

## حوکمە پەراگەندەکان ( متفرقە )

**ماددەی ( ٩٠ ):**

دیوانی ئەنجوومەن کارمەندێك بەپلەی بەڕێوەبەری گشتی بەڕێ،ەی دەباو تایبەتمەندییەکانی خۆی بەگوێرەی یاسا ڕەچاوکراوەکانو ئەو

دەسەڵاتانەی کەلەلایەن سەرۆکەوە پێی دراون ئەنجام دەداو پەیوەستە بەسەرۆکی ئەنجوومەنەوەو لەبەردەمیدا بەرپرسیارە.

**ماددەی (٩١):**

١. ئەنجوومەن پاسەوانی تایبەتی دەبێ فەرمانی سەرۆك بەڕێوەدەبا.
٢. سەرۆك قەبارەی ئەو هێزەو ژمارەی ئەندامانی دەستنیشان دەکا بۆ پاراستنی نیزامو ئێشك گرتن لە ئەنجوومەن.
٣. چەکی ئاگاداروو بریندارکەر قەدەغەیە بهێنندرێتە ناو بینای ئەنجوومەنەوە.
٤. ئێشك گری ئەنجوومەن نەبێ، بۆ هیچ چەکدارو هێزێ:ی تر نییە بێتە ناو بینای ئەنجوومەنەوە یان لەنزیك دەگاکانییەوە جێگیر ببێ.

**ماددەی (٩٣):**

ئەنجوومەن بۆی هەیە لەنێوان ئەندامەکانیدا شاندەکان (وفود) بنێرێتە دەرەوەی هەرێمو شاندەکانی تر بانگ هێشت بکا بۆ سەردانی ئەنجوومەن.

**ماددەی (٩٣):**

ئەنجوومەن بۆی هەیە یارمەتی ئەو ئەندامە نەخۆشەی بدا کە پێویستی بە چارەسەرکردنە لەناو کوردستان یان لە دەرەوەیدا، ئەویش بەپێی ئامۆژگاریی لیژنەیەکی پزیشکیی پەیوەندار.

**ماددەی (٩٤):**

دەکرێ ئەم پەیڕەوە هەمووی یان بەشێکی لەسەر پێشنیازی سەرۆك یا (١٠) دە ئەندامو بەڕەزامەندی زۆربەی دەنگی ئامادەبووان، دەسکاری بکرێ.

**ماددەی (٩٥):**

ئەم پەیڕەوە لەمێژووی دەرچوونییەوە کاری پێ دەکرێتو لە ڕۆژنامەی ڕەسمیدا بڵاودەکرێتەوە.

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی**
**کوردستان- عێراق**

**سەرنج:**

**پەراوێزەکان لەژمارە (١)ـەوە تا ژمارە (٦١) واتای هەوارکردنی ئەو ماددانە دەگەیەنێ کە ئاماژەیان بۆ کراوە یان دەستنیشانی ژمارەکانیان کراوە یان زێدەکردنی نوێیان خراوەتەسەر بەگوێرەی هەموارکردنی دووەمی ساڵی ١٩٩٨ی نهۆی پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجوومەن، ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو بەگوێرەی بڕیاری ئەنجوومەنی ژمارە (١٤) لە ١٩٩٨/٤/٢٩ی ڕۆژنامەی پەرلەمانی ڕۆژی ١٩٩٨/٨/٢٠.**

## لە بەرهەمەکانی پارێزەر/ طارق جامباز

(أ)

١. محەمەدو سێوێو سورمێ خانو قورشیدی چاو بەخار (دوو تراژیدی فۆلکلۆری کوردی)، ١٩٨٣.
٢. تێکستی هەشت چیرۆکی ئەفسانەی کوردی، ١٩٨٦.
٣. چل کەزی، ١٩٩٠.
٤. هەفتەنامەی گۆڤار (هەفتەنامەیەکی حزبی (هیوا) لەهەولێر، ١٩٩٨.
٥. مراسیم وقرارات مجلس قیادة الثورة (١٩٦٣– ٢٠٠٣) المتعلقة بكوردستان، ٢٠٠٤. دووجار چاپکراوە.
٦. التطهير العرقي (تغيير القومية) للكورد والتركمان في كركوك، ٢٠٠٤. پێنج جار چاپکراوە.
٧. زمانە فەرمییەکان لە دەستووری وڵاتە فیدرالیەکان، ٢٠٠٥.
٨. القانونى هادى الچاوشلى مواقف كوردية مجهولة، ٢٠٠٥.
٩. حزبی هیوا لە لیوای هەولێر، ٢٠٠٥.
١٠. اماكن العبادة المدمرة للمسلمين والمسيحيين والايزيدين لفترة ما قبل عمليات الانفال السيئة الصيت وامتداداً لما بعدها في كوردستان– العراق، ٢٠٠٦.
١١. پەرلەمانتارانی خولی دووەمی پەرلەمانی کوردستان، ٢٠٠٧.
١٢. اعضاء برلمان الدورة الثانية لبرلمان كوردستان– العراق، ٢٠٠٨.
١٣. من ابادة اللغات الى قانون اللغات الرسمية في العراق الاتحادي، ٢٠٠٨.
١٤. اوراق فيدرالية من كوردستان– العراق، ٢٠٠٨.
١٥. ليال كوردية في الف ليلة وليلة وكتابات آخرى، ٢٠٠٨.

( ب )

١.عمليات الانفال لعام ١٩٨٨ في كوردستان– العراق جريمة العصر المنسية (موثوقة بقوائم الاسماء الاطفال والنساء) الجزء الاول مع نهلة محمد، ٢٠٠٤.

٢. شذرات من واقع المرأة الكوردستانية خلال الاعوام ١٩٩٢– ٢٠٠٤، كوردستان العراق نموذجاَ، مع نهلة محمد. چوار جار چاپكراوه.

٣. ئاماری دانیشتوانی قەڵای هەولێر ١٩٢٢ لەگەڵ نەژاد بەرزنجی، ٢٠٠٦.

٤. ڕەواندوز شارەکەی پاشای گەورە لەگەڵ مەولود بێخاڵی ٢٠٠٦.

٥. اتفاقية السلام الشامل بين حكومة جمهورية السودان/ والحركة الشعبية لتحرير السودان، مع المحامي كريم محمد صوفي، ٢٠٠٥.

٦. نصوص الدساتير في الدول العربية مع المحامي كريم محمد صوفي، ٢٠٠٥.

٧. قەندیلۆکە وەرگێڕان لەگەڵ عەباس محمد حسین، ١٩٧٩.

٨. bist from of the reality of kurdistan women, ٢٠٠٤-١٩٩٢, iraqi kurdistan as an examplek Tariq Jambaz & Nahla Mohammad, Iraq Kurdistan National Assembly MPS, Kurdistan–٢٠٠٦. دووجار چاپکراوە

( ج )

لەتەك ئامادەکردنی دەستووری (١٥) وڵاتانی فیدراڵو (٥) لەهەرێمەکانیانو (٣) چاپەمەنی لەبارەی زمانە فەرمییەکان لەوڵاتانی فرە زماندا.

( د )

سەرنووسەری گۆڤاری یاساپارێزییە، گۆڤارێکی یاساییە بەزمانی کوردی دەردەچێت، و(١٨) پاشکۆی بەچاپ گەیاندووە.

( ه )

دەیان لێکۆڵینەوەی لە گۆڤارو ڕۆژنامەکان بەزمانی کوردیو عەرەبی بڵاوکردۆتەوە.

## لە بەرهەمو چالاکیەکانی نووسەر نیعمەت عەبدوڵلا

١. چەندین بەرهەمی دەستنووسی هەیە لەبوارەکانی چیرۆكو پەخشانو شعرو زمانەوانیو لێکۆڵینەوە.
٢. لەهاوینی ساڵی ١٩٧٢ بۆ یەکەمجار کۆڕێکی ئەدەبی پێشکەش کردووە لە یەکێتی نووسەرانی کوردو کۆمەڵەی رۆشنبیری کوردی لەبەغدا.
٣. لەساڵانی حەفتاکانو هەشتاکان زۆربەکەمی هەندێ بەرهەمی خۆی لە رۆژنامەو گۆڤارەکان بڵاوکردۆتەوە.
٤. لەماوەی خوێندنی لە زانکۆی بەغدا/ کۆلیژی ئاداب لەبەشی کوردی بڵاوکراوەیەکی ناوەخۆی بەناوی (تیشك) بڵاوکردۆتەوە.
٥. لەدووای راپەڕین دووبارە دەستی بە بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانی لە رۆژنامەو گۆڤارەکان کردووە.
٦. لەهاوینی ١٩٩٨ بنکەی رۆشنبیری شەهید ڕێبازی دامەزراندووە کە ئێستا بنکەی ڕۆشنبیری شەهیدە لەشاری سلێمانیو سەرنووسەری گۆڤاری شەهیدە تاکو ئەمڕۆ چالاکی رۆشنبیری بەردەوامە کەتا ئێستا (٣١) سی و یەك ژمارەی گۆڤاری شەهیدو نزیکەی (١٥) کتێبی نووسەرانی دەرکردووە.
٧. بەرهەمێکی شیعری بەناوی (شۆڕشی مەستان) بەچاپگەیاندووەو بەرهەمێکی سەبارەت بە بەڕێوەبەردنی دەوڵەت لەژێر چاپدایە.

## پێرست

| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| دەستپێك. | ٣ |
| ناوی پەرلەمانتارانی خولی یەکەمی پەرلەمانی کوردستان. | ١٩ |
| **پاشکۆکان** | |
| ژ١. ناوی پەرلەمانتارە شەهیدەکان. | ١٦٣ |
| ژ٢ ناوی ئەو پەرلەمانتارانەی کۆچی دوایان کردووە. | ١٦٤ |
| ژ٣ راگەیاندنی یەکێتی فیدراڵی (١٩٩٢/١٠/٤). | ١٦٦ |
| ژ٤ پەرلەمانتارە پەناگیرەکانو هۆڵی پەناگیری لەتەلاری پەرلەمانی کوردستان– عێراق. | ١٧٦ |
| ژ٥ بڕیاری (خولی گواستنەوە). | ١٧٩ |
| ژ٦ ژمارەی دانیشتنە ئاساییو نائاساییەکانو ژمارەی یاساو بڕیارەکانی خولی یەکەمی پەرلەمانی کوردستان. | ١٨٠ |
| ژ٧ نەتەوە. | ١٨١ |
| ژ٨ ئایین. | ١٨١ |
| ژ٩ رێژەی پەرلەمانتارانی ژنانو پیاوان لەخولی یەکەمی پەرلەمانی کوردستان. | ١٨٢ |
| ژ١٠ لیستەکانی خولی یەکەمی پەرلەمانی کوردستان. | ١٨٢ |
| ژ١١ ئاستی خوێندنی پەرلەمانتارانی خولی یەکەمی پەرلەمانی کوردستان. | ١٨٣ |
| ژ١٢ چاپکراوەکانی خولی یەکەمی پەرلەمانی کوردستان. | ١٨٤ |
| ژ١٣ پێکهاتەی لیژنە هەمیشەییەکانی پەرلەمانی کوردستان لەخولی یەکەمدا. | ١٨٦ |
| ژ١٤ پەرلەمانی کوردستان حەوت پڕۆژە یاساو بڕیاری حکومەتی کوردستانی رەتکردۆتەوە. | ١٩٢ |
| ژ١٥ پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان– عێراق. | ١٩٤ |
| بەرهەمەکانی پارێزەر طارق جامباز | ٢٣٦ |
| بەرهەمەکانی نیعمەت عەبدوڵڵا | ٢٣٨ |
| سوپاسو پێزانین. | ٢٤٠ |

# سوپاس و پێزانین

سوپاسی بێ پایانی یەکەیەکەی ئەوپەرلەمانتارانەی فۆرمەکەیان پڕکردۆتەوەو هەروەها ئەم بەڕێزانەش دەکەین:

١. بەڕێز حەمەعەلی تۆفیق ئەندامی یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان.

٢. بەڕێز مەجید ئاسنگەر

٣. بەڕێز سامی محیدین شێخۆ

٤. بەڕێز کەریم شارەزا

٥. بەڕێز محەمەد حەسەن رۆژبەیانی

٦. بەڕێز مەتی دەرمان خەمۆ

٧. بەڕێز شوان عەلی حاجی (پیتچنین)

٨. بەڕێز وریا محەمەد عوسمان

٩. بەڕێز جانێت صلیوە ئیبراهیم

١٠. ئاوات ئەحمەد مستەفا

١١. بەڕێز عوسمان عەلی قادر

١٢. بەڕێز دکلس شموئیل عەنتر

١٣. بەڕێز سداد رەئوف

١٤. بەڕێز مەهدی محەمەد عەبدولقادر

١٥. بەڕێز هەڵمەت عەبدوڵڵا نادر